زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# مێژووی ناحیەی دارەشەکران

**(توێژینەوەیەکی مەیدانییە)**

ئەم توێژینەوەیە پێشکەشکراوە بە سەرۆکایەتی بەشی (مێژوو) وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی (مێژوو)


ئامادەکراوە لەلایەن:

**کامران وجیە حسن**

بە سەرپەرشتی:

**د. کامران محمد حاجی**


نیسان – ٢٠٢٣

قال تَعَالَى :

{ وَقُلْ اِعْمَلُوا فَسَيَرَى اللَّه
عَمَلكُمْ وَرَسُوله وَالْمُؤْمِنُونَ
وَسَتُرَدُّونَ إِلَى عَالِم الْغَيْب
وَالشَّهَادَة فَيُنَبِّئكُمْ بِمَا كُنْتُمْ
تَعْمَلُونَ}

التوبة:١٠٥

## پێشکەش بە...

ئەم توێژینەوەیە پێشکەشە بە:

- دایک و باوکم کەوا هەردەم پاڵنەر و ڕێنیشاندەرم بوونە بۆ درێژەدان بە خوێندن.
- هەموو هاوڕێکانم لە زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر بەگشتی و قوتابیانی بەشی مێژوو بە تایبەتی.
- هەموو ئەو کەسانەی کە بەدوای زانست و زانیاریدا دەگەڕێن.
- سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم (د. کامران محمد حاجی) کەوا زۆر ماندوو بوو لەگەڵمدا.
- سەرۆکایەتی بەشی مێژوو و مامۆستا بەڕێزەکان.

## سوپاس و پێزانین

- سوپاس بۆ خودای گەورە کە توانای پێبەخشیم بۆ تەواوکردنی توێژینەوەکەم.
- سوپاسی (د. کامران محمد حاجی) سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم دەکەم، کە ئەرک و ماندوو بوونێکی زۆری لەگەڵ کێشام و زۆر هاوکارم بوو.
- سوپاس بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە یارمەتیان دام ئەگەر بە وشەیەکیش بێ .
- سوپاسی دایک و باوکم دەکەم کە پاڵپشتم بوون بۆ تەواوکردنی خوێندنم.

# لیستی ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| ئایەتی پیرۆز | أ |
| پێشکەشە بە... | ب |
| سوپاس و پێزانین | ت |
| لیستی ناوەڕۆک | ث |
| پێشەکی | ١-٢ |
| دەروازە: مێژوو و ناوی دارەشەکران و هەڵکەوتەی جوگرافیای دارەشەکران | ٣-٧ |
| باسی یەکەم : مێژووی دارەشەکران | ٣-٥ |
| باسی دووەم : هەلکەوتەی جوگرافی دارەشەکران | ٦-٧ |
| تەوەرەی یەکەم : بارودۆخی کارگێری ناحیەی ارەشەکران | ٨-١٤ |
| باسی یەکەم : دامەزراندنی ناحیەی دارەشەکران | ٨ |
| باسی دووەم : گرنگترین دەزگا و کارگێریەکانی دارەشەکران | ٩-١٤ |
| تەوەرەی دووەم : باردۆخی کۆمەلایەتی ناحیەی دارەشەکران | ١٥-٣٠ |
| باسی یەکەم : ـ ژمارەی دانیشتوانی گوندەکانی ناحیەی دارەشەکران لە سەرژمێری ساڵی (١٩٥٧-١٩٧٧) | ١٥-١٦ |
| ـباسی دووەم : پێکهاتەی کۆمەلایەتی | ١٧-٣٠ |
| تەوەرەی سێیەم : بارودۆخی ئابووری ناحیەی دارەشەکران | ٣١-٤١ |
| باسی یەکەم : کشتووکاڵ | ٣١-٣٥ |
| باسی دووەم : ئاژەڵداری | ٣٦-٣٨ |
| باسی سێیەم : کاری دەستی و بازرگانی | ٣٨-٤٢ |
| أـ پیشەی کاری دەستی لە ناوچەی دارەشەکران | ٣٨_٤١ |
| ب- چالاکی بازرگانی لەناوچەی دارەشەکران | ٤١-٤٢ |
| دەرئەنجام | ٤٣-٤٤ |
| لیستی سەرچاوەکان | ٤٥-٤٦ |
| پاشکۆ | ٤٧-٤٩ |

# پێشەکی

## گرنگیی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی شارەکان ساڵانێکە بۆتە بابەتی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەلایەن قوتابیانەوە، تاکو بارودۆخ و روەشی گشتی ئەو شار و شارۆچکانە بەشێوەیەکی ئەکادیمی ئاوڕیان لێ بدرێتەوە و خوێنەرانی پێ ئاشنا بکرێت. خەڵکی کوردستان، بەشێوەیەکی گشتی، بە دارەشەکران ئاشنا نین، هەروەها پێشتر هیچ توێژینەوەیەک لەسەر ئەم بابەتە نەکراوە، منیش بە پێویست و گرنگم زانی و دوای بیرکردنەوەکی زۆر بڕیارمدا بابەتی لێکۆڵینەوەکەم لەبارەی دارەشەکرانەوە بێت.

## هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی لێکۆڵینەوەکە:

هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئاشناکردنی خوێنەران بە بارودۆخی جوگرافی و مێژووی ناوچەی دارەشەکران، بڕیارمدا توێژینەوەی لەسەر مێژووی دارەشەکران بکەم لە ڕێگای زۆرترین چاوبێکەوتن، وەکو مێژووی زارەکی، بڕیارمدا کە ناونیشانی بابەتەکەمان ئەوە بێت کە دیاریمان کرد، مێژووی دارەشەکران گەلەک ڕووداوی مێژووی گرنگ تێدا تۆمارکراوە وەکو لایەنی سەربازی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ، بۆیە دوای خوێندنەوەی کتێبێک بەناوی (مێژووی هۆزی زراری)ی (کرێکار عبدالرحمن عەزیز) کە تیایدا زانیاری باشی لەبارەی مێژووی دارەشەکران تێدابوو، منیش دوای قوڵبوونەوەکی زۆر لەسەر خوێندەوەی کتێبەکە و ئاشنا بوون بە مێژووی ئەو ناونیشانەم هەڵبژارد.

## پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە دەروازە و پێشەکی و چوار تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، هەر تەوەرێک دابەشی چەند لق و باسێک کراوە لە دەروازەکەدا باس لە مێژوو و ناوی دارەشەکران و هەڵکەوتەی جوگرافی ناحیەی دارەشەکران کراوە، کە دابەشی چەند باسێک کراوە، لەتەوەری یەکەم بەناونیشانی(بارودۆخی کارگێڕی ناحیەی دارەشەکران) باسی دامەزرانی ناحیەی دارەشەکران و گرنگترین گوندەکانی و ئەو دەزگا کارگێڕییانەی لەو ناوچەیەدا هەن، کراوە. تەوەرەی دووەم بەناونیشانی(بارودۆخی کۆمەڵایەتی ناحیەی دارەشەکران)، تیایدا باسی سەرژمێری دانیشتوانی

گوندەکان لە سەرژمێری سالانی (١٩٥٧) و(١٩٧٧) و پێکهاتەی کۆمەلایەتی و ژن و ژنخوازی و داب ونەریتی دیکە لە ناحیەی دارەشەکران کراوە.

تەوەرەی سێیەم بەناونیشانی(بارودۆخی ئابووری ناحیەی دارەشەکران) لە باسێکدا دۆخی کشتوکاڵ و زەوی و زار و بەروبوومەکانی ناوچەی دارەشەکران خراوەتە روو. لە باسی دووەمیشدا ئاماژە بە بواری ئاژەلداری لەناوچەکە و جۆرەکانی ئاژەڵ و پرسی دیکە کراوە. لەباسێکی دیکەشدا باسی گرنگترین ئەو کارە پیشەگەری و دەستیانە کراوە کە لەناوچەکەدا باوبوون. هەروەها بە کورتیش باسی بازرگانی لەناوچەکە کراوە.

لە تەوەرەی چوارەم بەناونیشانی(هەڵوێستی خەڵکی ناحیەی دارەشەکران لەبراڤی رزگاریخوازی کوردیدا)، باسێک بۆ رۆلی خەڵکی دارەشەکران لە شۆڕشی ئەیلول کراوە، دوو باسی دیکەش بۆ هەڵوێستی دارەشەکران لە سەرهەڵدانی شۆڕشی گوڵان و ڕاپەرینی ئازاری سالی (١٩٩١) تەرخان کراون.

بۆ نووسین و ئامادەکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە سوودمان لە چەند سەرچاوەیەک وەرگرتووە، لەو کتێبانەی کە زۆر سوودمان لێ بینیوە بەناوی( کرێکار عبدالرحمن عەزیز، مێژووی هۆزی زراری) و (ئەسعەد عەدۆ ، کەلەپووری کوردەواری(کۆبەرهەمی فۆلکلۆری) و (عەبدوللا غەفور، گوندەکانی باشوری کوردستان سەرژمێری دانیشتوانی عێراقدا سالانی (١٩٥٧-١٩٧٧ز) و (مەسعود بارزانی ، بارزانی و بزوتنەوەی و ڕزگاریخوازی کورد _ شۆرشی ئەیلووڵ (١٩٦١_١٩٧٥ز). هەروەها سەبارەت بە چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ (ڕەشید مامل سەلیم) و (وجیە حەسەن عەلی) زۆر سوودم لەو دوو کەسە وەرگرتووە، بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین توێژینەوەکە زیاتر مەیدانییە.

ئەم توێژینەوەیەش وەک هەر توێژینەوەکی دیکە، لە کەم و کوڕی بەدەر نییە، یەکێک لەو گیرگرفتانە، کەمی سەرچاوەیە لەسەر ئەم بابەتە، چونکە هیچ سەرچاوەک یان هیچ کتێبێکی تایبەت لەسەر مێژووی دارەشەکران نەبوو، بێگومان ئەوەی لە تواناما بێت هەوڵ و کۆششم بۆی داوە، تاوەکو بتوانم لێکۆڵینەوەیەکی زانستی ئامادە بکەم،هیوادارم خزمەتێکی زانیستیمان پێشکەش کردبێت.

## دەروازە

**- مێژوو و ناوی دارەشەکران وهەڵکەوتەی جوگرافیای دارەشەکران :**

**باسی یەکەم : مێژووی دارەشەکران:**

**- لەبارەی مێژووی دارەشەکران چەند ڕاوبۆچوونێکی جیاواز هەیە ئەمانەن:**

١.جوان ڕەفیق بەڕێوبەری پێشتری ناحیەی دارەشەکران دەڵێت داربەڕوویێکی بەتەمەنە مێژووەکەی بۆ(٣٠٠) ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە[١] .

٢.بۆچوونێک هەیە پێی وایە کە لەسەر گۆڕی پیاو چاکێک ئەو دارە ڕواوە ئەم پیاوەش ناوی (ئەسحابە شاکر)ە بەقسەی بەتەمەنەکان تەمەنی ئەو دارە بۆ نزیکەی(٣٠٠)ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. گەورەیی و ئەستووری و بەرزی و فراوانی لق و پۆپی دارەکە گەواهیدەری ئەو مێژووەن[٢].

٣.بە قسەی هەندێک پیاوماقوڵان و ڕیش سپی دەڤەری زرارەتی گوایە دوو دار هەبوونە، دارەکیان هەر زوو وشک بووە، ئێستا تەنها یەک دار ماوەتەوە[٣].

٤.کەسایەتی (عوسمان زراری) خەڵکی گوندی (مام خالان) دەڵێت: تەمەنی ئەو دارە دەگەڕێتەوە نزیکەی(٤٠٠) ساڵ زیاترە، لەهەرکەسێکمان پرسی دەڵێن باپیرەمان گوتی واتا بەکێ بڵێی دەڵێن باپیرەمان گوتی، ئەمەش بەتەمەنی دارەکە دەردەخات .

٥.ڕێکخەری ڕێکخراوی (فاو) کەناوی (عبدولمەسیح)بوو لەبارەی تەمەنی دارەکە لێمان پرسی ئەویش دەڵێت: بۆ (٤٠٠) ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە[٤] .

٦.خدر حەمەدئەمین خەڵکی گوندی گردی ماوان گوتی گوایە کەسێک هاتووە سێ داری چاندووە:-

١. لەسەر سەرتەی چیایەک هەیە لەو بەری سەر زێی بادینان. ٢. لەسەر گردی مامخالان چاندووە . ٣. لەسەر تارینی چاندووە تارین ناو جەرگەی مەلا ئۆمەرە ، لەبارەی تەمەنی دارەکەش لێمان پرسی دەڵێت تەمەنی دارەکە بۆ (٥٠٠) ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە [٥].

---

[١]چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەشید مامل سەلیم، گوندی باوەخەلان ، بەرواری ٢٠٢٢/١٠/٦.

[٢]بەرنامەیەکی دیکۆمێنتاری لە سەتەلایتی کوردستان تیڤی لەبارەی دارەشەکران نووسین و دەرهێنان:فەرزین چۆڵی.

[٣]کرێکار عبدلرحمن عەزیز، مێژووی هۆزی زراری ، چاپخانەی تاران ، چاپی یەکەم،٢٠٢٠، ل ل ٦٦٦ ، ٦٧٤،٦٧٠.

[٤]چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەسعەد یوسف، گوندی مامخالان، بەرواری٢٠٢٢/١٠/٨

[٥]چاوپێکەوتن لەگەڵ خدر حەمەد ئەمین خەڵکی گوندی گردی ماوان ، بەرواری 2022/10/20 . ( ناوی تەواوی خدر حەمەدەمین حاجی لە بنەماڵە پیرباڵ لە گوندی گردی ماوان لە دایکبووە پیشەی مۆزەفە لە قوتابخانەی بنەڕەتی تێکەڵاو لە گردی ماوان) .

## - ناوی دارەشەکران لەچیەوە هاتووە :

گوایە دوو برا هەبوون ناویان (چۆڵی) و(لاوەند) بووە[٦]، پیشەی ئەو دوو برایە گاوانی بووە . برا بچووکەکە لە براگەورەکە ئاقڵتر بووە، ڕۆژێک برا بچووکەکە بە برا گەورەکە دەڵێت ئێمە هیچ کەسێکمان نییە خزمەتمان بکات و یارمەتیمان بدات، هەروەها برا بچووکەکە دەڵێتە برا گەورەکەی ژن بهێنە با خزمەتمان بکات و یارمەتیمان بدات لە کاری ڕۆژانە. وادیارە کە دەستکورت بوونە بە جۆرێک بەهەردوو برا یەک قاتیان هەبووە، دوای ماوەیەک برا گەورەکە ژن دەهێنێت[٧].

ئینجا ڕای دووەم تەواوکەری بابەتەکەیە، باسی ئەوە دەکات کە بەیانی داهات هەردوو برا هەڵسان نان بخۆن بۆ ئەوەی مانگاکان بەر بدەن، دواتر برا بچووکەکە وتی من مانگا لێ دەخوڕم بۆ چۆڵەوانی ، کاتی نیوەڕۆ برا گەورەگە دەچێت برا بچووکەکەی دەنێرتەوە، دواتر برا بچووکە دەڵێتە برا گەورەی من دەچمەوە خۆم دەشۆ، برا بچووکەکە هاتەوە و براژنی پیلانێکی داڕشتبوو بۆ ئەوەی برا بچووکەکە دەستدرێژی بکاتە سەری، بەڵام برا بچووکەکە کاری خراپی لەگەڵ نەکردبوو. دواتر ژنەکە بە هاوسەری خۆی دەڵێت برا بچووکەکەت تەعەددای لێ کردووم و دەیویست کاری خراپم لەگەڵ بکات، دواتر برا گەورەکە هەڵدەستێت تفەنگ هەڵدەگرێت و دەچێتە لای برا بچووکەکەی . برابچووکیش دەڵێتە براگەورەکەی: من ئەو کارەم نەکردووە دوورە لە ڕاستی . لە ئەنجامدا برا بچووکەکە وتی پێش ئەوەی من بکوژی ئەو گۆپاڵە لە دەستمە بێ گیانە بیبە سەر گردەکە لە پشت سەرم گۆپاڵەکە بچەقێنە، ئەگەر ئەو گۆپاڵە شین بوو ئەوە من نیم و تاوانبار نیم ئەگەر گۆپاڵەکە وشک بوو ئەوە دیارە من تاوانبارم کارەکەم کردووە. دواتر براگەورەکە برا بچووکەکەی دەکوژێت، لە ئەنجامدا برا گەورەکە تا بەیانی خەوی لێ ناکەوێت بەیانی دەچێتە سەر گردەکە بینی ئەو گۆپاڵە شین بووە بووەتە دابەڕوو. ئەوەبوو برا گەورەکە شێت و هار دەبێت دەگەڕێتەوەماڵەوە ژنەکەی خۆی دەکوژێت و دواتر سەری خۆی هەڵدەگرێت و دەڕوات. دارەشەکران نیشانەیەکی وەفادارییە کە ڕەمزو هێمای ماوەتەوە لە نێو گوندەکانی دەڤەری زرارەتی[٨].

---

[٦]ئەسعەد عەدۆ کەلەپووری کوردەواری(کۆبەرهەمی فۆڵکلۆری) ، چاپی یەکەم، هەولێر٢٠١٥، ل٥٥.

[٧]بەرنامەی دیکۆمێنتاری لەسەتەلایی کوردستان تیفی لەبارەی دارەشەکران، سەرچاوەی پێشوو.

[٨]چاوپێکەوتن لەگەڵ وجیه حسن علی، گوندی باوەخەلان، بەرواری ٢٠٢٢/١٠/٦.

ڕایەکی تریش هەیە دەڵێ: برا بچووکەکە دەڵێتە برا گەورەکەی ئێمە هیچ کەسێکمان نییە خزمەتمان بکات بۆیە دەبێ تۆ ژن بهێنیت، دواتر برا گەورەکە ژن دەهێنێت و ڕۆژێک لە گوندی شایی دەبێت، برا گەورەکە دەڵێتە برا بچووکەکە ئەمڕۆ من دەچمە بەر مانگاکان تۆ بڕۆ شایی، چونکە جاحێلی و بێ ژنیت، دواتر ژنی براگەورەکە پیلانەکی دادەنێت بۆ ئەوەی کاری خراپی لەگەڵ بکات. دواتر برا بچووکەکە ژنەکە دەبەستێتەوە ئەوکات دەچێتە شایی، دواتر برا گەورەکە دێتەوە دەڵێتە ژنەکەی بۆ لێرە بەستراویتەوە، ژنکە دەڵێت: برا بچووکەکەت منی بەستاوە ویستی کاری خراپیم لەگەڵدا بکات، دواتر برا گەورەکە هەڵدەستێت تفەگ هەڵدەگرێت بێ ئەوەی بیر بکاتەوە دەڵێتە برا بچووکەکە بۆ وات کردووە دەتکوژم، برا بچووکەکە دەڵێت: براکەم من ئەو کارەم نەکردووە تاوانبار نیم، بەس پێش ئەوەی بمکوژیت ئەو گۆپاڵە لەبن سەرم بچەقێنە ئەگەر گۆپاڵەکە شین بوو ئەوە من تاوانبار نیم، ئەگەر گۆپاڵەکە وشک بوو من تاوانبارم، دواتر براگەورەکە برابچوکەکەی دەکوژێت.

برا گەورەکە شەو خەوی لێ ناکەوێت تا بەیانی، دواتر دەچێت گۆپاڵەکە لەپشت سەری دەڕوێنێت . دوای ئەوەی دەچێتەوە سەر گۆڕەکەی دەبینێت گۆپاڵەکە شین بووە بووەتە داربەڕوو ! براگەورەکە زۆر خەم دەخوات شێت و هار دەبێت دەچێتەماڵەوە ژنەکەی خۆی دەکوژێت و سەری هەڵدەگرێت و دەڕوات[٩].

---

[٩]چاوپێکەوتن لەگەڵ خدر حەمەدەمین خەلکی گوندی گردی ماوان ، سەرچاوەی پێشوو.

## باسی دووەم : هەڵکەوتەی جوگرافیای ناحیەی دارەشەکران :

شایانی باسە ناوی دارەشەکران چەسەپاوەتە سەر ناوی ناحیە یەک، بووەتە (ناحیەی دارەشەکران) لە قەزای خەبات دەکەوێتە ناوچەی زرارەتی سەر بە پارێزگای هەولێر . سەنتەری ناحیە مەلبەندەکەی گوندی (قەرەقاجین)ە سنووری ناحیەی دارەشەکران لە باکور دەکەوێتە سەر سنووری ناحیەی هەریر، لە باشوور دەکەوێتە ناحیەی بەحرکە، لە ڕۆژهەلات دەکەوێتە ناحیەی مەسیف، وە لە ڕۆژئاوا زێی گەورە کە (بەزێی بادینان) بەناوبانگە[١٠].

هەروەها ناحیەی دارەشەکران دەکەوێتە باکوری رۆژئاوای سەنتەری ناحیەکە کە ئێستا بووەتە ناحیەی دارەشەکران. ئەم دارە وەکو نەخشە بەکارهاتووە لەبەرواری (٢٠١٤/١١/١١) دارەکە سووتا، خەڵکیش بۆ ئەوەی دارەکە سەوز بێتەوە بۆ خەمخۆری لقە سووتاوەکانیان بڕی. ڕاستە ئەم دارە وەکو جاران نەماوە، بەڵام هێشتا شکۆمەندی جارانی ماوە، هەروەها پێشتر گوندەکانی زرارەتی لەسەر ناحیەی سەلاحەدین (پیرمام) بوون و سەر بە قەزای شەقڵاوە بوو، دواتر لە پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ حکومەتی هەرێمی کوردستان ناحیەکەی گواستەوە سەر گوندی (قەرەقاجین) و لەساڵی (٢٠٠٤)ەوە بووەتە (ناحیەی دارەشەکران). گرنگی ئەم دارە لەوەدایە ناحیەکیان بەناو کردووە کە پێی دەڵێن (ناحیەی دارەشەکران)، لەوانەیە ناوی زرارەتیمان نەبیسبێت، بەڵام ناوی دارەشەکرانمان بیستووە. ئەم دارە لەسەر زنجیرە زورگێکی بێ دار و بارە تەنها یەک داری لێیە ئەویش (دارەشەکران)ە و لە مەودایەکی زۆر دوور ئەم دارە دیارە، دارێکی زۆر گەورەیە، بەڵام ئەم دارە بەهۆی سوتانەوە دیار نەماوە ، هەروەها بەڕووی ئەم دارە شیرینە بۆیە پێی دەوترێت (دارەشەکران) و دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای سەنتەری ناحیەی دارەشەکران لە قەزای خەبات سەر بە پارێزگای هەولێر[١١]. شایانی باسە گوندی (قەرەقاجین)/ گوندێکە سەربە ناحیەی (دارەشەکران)ە دەکەوێتە ناوچەی زرارەتی و قەزای خەبات سەر بە پارێزگای هەولێر. نزیکەی (٣٠کم) لە سەنتەری شاری هەولێرەوە دوورە[١٢].

---

[١٠]چاوپێکەوتن لەگەڵ وجیە حسن علی ، سەرچاوەی پێشوو، بەرواری ، ٢٠٢٢/١١/٢

[١١]کرێکار عبدلرحمن عزیز ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٦٧.

[١٢]عەبدوڵڵا غەفور ، فەرهەنگی جوگرافیای هەولێر ، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر،٢٠١٥ ، ل٣٨٧.

هەروەها ئەو گوندانەی لێی نزیکن بریتین لە: قەپەکیان ، باوەخەلان ، جەرگەزەوی ، هەبابان ، کودەریان ، چرە ، توێ ، بانە ، چنارۆک، مەنداوەوە ، وسومەلیان ، گۆپال ، چەمەکەی خواروو ، چەمەکەی سەروو، ڕەشوان نورۆ، ڕەشوان یوسف و مامخالان ، زەرواو ، گردی ماوان ، خاڵوان[١٣] .

شایانی باسە سنووری ناحیەی درەشەکران لە رووی جوگرافیەوە لە پارێزگای هەولێر بەمشێوەیە: چیای پیرمام و قەڵای دوین لە باکوور، لەباشوور زنجیرە چیای بێرەک و ڕووباری بەستۆرە و ناوچەی بەڕانەتی، لە ڕۆژئاوا زێی گەورە (زێی بادینان). ئەمانەی خوارەوە گوندەکانی سنووری زرارەتین:

(بانە ، باوەخەڵان ، ڕەشوان نورۆ ، ڕەشوان یوسف ، گردی ماوان، چەمەپەگەز ، تووە ، سەرکەور ، گۆپاڵ ، کودەریان ، مەموندان ، قەرەقاجین ، قەپەکیان ، گردی ماوان زرواو ، خاڵوان)، دانیشتووی ئەم گوندەی دوایی دەڵێن: ئێمە لە هۆزی(گاوانی ، جاوانی، کاوان)ین و بنەچەمان دەگەڕێتەوە بۆ(خالیدی کوڕی وەلید)، سەردەمێکی دوور و درێژە نزیکەی دەکاتە (١٤) پشت لە ناوچەی ناحیەی دارەشەکران نیشتەجێین[١٤].

---

[١٣] کاروان سلێمان کاکە مەد، کورتە باسێک لەبارەی هۆزەکانی شاری هەولێر، هەولێر، ٢٠١٧ ، ل٦٦.
[١٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ تاریق هەمزە سێوێ ، خەڵکی گوندی مەموندان ، بەرواری١٧/ ٢٠٢٢/١١.

## تەوەرەی یەکەم : بارودۆخی کارگێری ناحیەی دارەشەکران :

### باسی یەکەم : دامەزراندنی ناحیەی دارەشەکران :

لەکۆتاییەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤_١٩١٨) و دوای نەمانی دەسەلاتی دەوڵەتی عوسمانی لەناوچەکە لەساڵی(١٩١٨) گوندی (دێرێ) مەڵبەندی ناحیە بوو، سەرجەم ناوچەکانی زرارەتی لەڕووی کارگێرییەوە سەر بەم ناحیەیە بوون، ئەویش سەربە قەزای ڕەواندز بوو، بەڵام دوای داگیرکردنی عێراق لەساڵی(١٩١٨) لەلایەن بەریتانییەکان، لەساڵی( ١٩٢٣) مەڵبەندی ناحیەکە بۆ گوندی(باتاس) لە دەشتی هەریر گواستراوەتەوە. ئیتر ناوچەی زرارەتی سەر بەم ناحییە بوو، تاوەکو ساڵانی پەنچاکانی سەدەی بیستەم، دوای ئەوە شارۆچکەی شەقلاوە کرا بە مەڵبەندی(قەزا)، هەروەها دوای ئەوەی ناحیەی(پیرمام=سەلاحەدین) هاتەکایەوە ئەمجارە سەرجەم ناوچەی زرارەتی بەم ناحیەیە لکێندرا، بەڵام پاش ڕاپەڕینی ئاداری(١٩٩١)حکومەتی هەرێمی کوردستان ناحیەکەی گواستەوە سەر گوندی(قەرەقاجین)، کە ئێستا بووەتە (ناحیەی دارەشەکران). بەم جۆرە لە ساڵانی(٢٠٠٤_٢٠٠٥)وە گوندی قەرەقاجینی کردە مەڵبەندی ناحیەی (دارەشەکران)، ئیتر سەرجەم گوندەکانی زرارەتی بە ناحیەکەوە لکا، ئەو ناحیەیەش سەر بە قەزای (خەبات)ە [١٥] . شایانی باسە لەوەتەی ساڵی(٢٠٠٥) بەدواوە ئەمانەی خوارەوە وەکو بەڕێوەبەری ناحیەی دارە شەکران کاریان کردووە:

١. حەیات عیسا شێخان، ساڵانی (٢٠٠٥-٢٠٠٩).
٢. کەریم محەمەد کەریم، ساڵانی (٢٠٠٩_–٢٠١٣) .
٣. جوان ڕەفیق فتح الله ،ساڵانی(٢٠١٣–_٢٠١٥) .
٤. سریسن تۆفیق کەریم، ساڵانی (٢٠١٥_–٢٠١٦) .
٥. هەڤال جەوهەر قادر، ساڵانی (٢٠١٦_–٢٠١٧) .
٦. ئەحمەد نەبی ئیسماعیل  ساڵانی (٢٠١٧_–٢٠٢٠) .
٧. نەبەز عومەر ڕەسوڵ، ساڵانی (٢٠٢٠_–٢٠٢٢).
٨. کامران حەسەن ئەحمەد، ساڵی (٢٠٢٢) بووەتە بەڕێوبەری ناحیە[١٦].

---

[١] کرێکار عبدالرحمن عەزیز ، مێژووی هۆزی زراری ، ل٦٤.

[٢]چاوپێکەوتن لەگەڵ شوان عەزیز حوسێن ، خەڵکی گوندی قەرەقاجین ، بەرواری ٢٠٢٢/١١/١٧.

## باسی دووەم : گرنگترین دەزگا کارگێڕییەکانی ناحیەی دارەشەکران:

**١/ (گوندی چڕە) :**

**مزگەوت و هۆڵ و بۆنەکان :**

کورد وەکو نەتەوەیەک زۆرینەی لەسەر ئاینی ئیسلامە، بۆ هەر گوندێکی کوردستان ئەگەر چەند ماڵێکی کەمیش بن ئەوا بە هەرەوەزی شوێنێک دەکەن بە مزگەوت، بۆ ئەوەی پەرستشەکانی خۆیانی تێدا ئەنجام بدەن، گرنگترین دام و دەزگاکانی ناوچەکە : ئەم گوندە سێ مزگەوتی هەیە، لەساڵی (٢٠٠٩) مزگەوتێکی لەلایەن (دەرویش بلا نوری) و خێرخوازان دروستکردووە . مێژووی گوندەکە بۆ (١٠٠ساڵ) دەگەڕێتەوە لەلایەن خەڵکی گوندەکە بە هەرەوەزی دروستکراوە، یەکەمین مامۆستای ئاینی ناوی (ئەحمەد خۆشناو) بووە، حوجرەی هەبووە فەقێیەکانی ناویان (حەمەد ئەمین ئەحمەد ، خدر مەلا ، یوسف ئەحمەد)، بووە، (٢٥) کەس مەلایەتیان لەو گوندە کردووە، ئەم مزگەوتە چوار جوار لەلایەن خەڵکی گوندەکە نۆژەن کراوەتەوە . دواین مامۆستا بەناوی (محەمەد عبدالرحمن) بووەتە مامۆستا کە تاوەکو ئێستا بەردەوامە کە نزیکەی(٥٠) ساڵە[١٧].

- لە ڕووی خزمەتگوزاری بەگشتی ئەمانەن :

- لەسالی (١٩٧٥ز) قوتابخانەی بنەڕەتی دامەزراوە .
- بنکەی تەندروستی  هەیە .
- پرۆژەی ئاوی بیر هەیە .
- کارەبای نیشتیمانی هەیە[١٨].

**٢/باوەخەلان :**

**١/ هەشت مزگەوتی هەیە ئەمانەن :**

١. مزگەوتی سێداران لەسلی (٢٠١٦) لە لایەن خێرخوازانەوە دروست کراوە، هەروەها پێش نوێژ و وتار خوێن ناوی مامۆستا(محەمەد حەیدەر وەهاب)ە .

---

[١٧]چاوپێکەوتن لەگەڵ جلیل حەمەدەمین ، خەڵکی گوندی چڕە ، بەرواری ٢٠٢٢/١٠/١٧

[١٨]عەبدوللا غەفوور ، فەرهەنگی جوگرافیای هەولێر ، ل١٦٦

٢. مزگەوتی (نەجات) لە ساڵی (٢٠١٦) لەلایەن خێرخوازانەوە دروستکراوە، پێش نوێژ و وتار خوێن ناوی مامۆستا (نەجات بەهرام عەلی)ە .

٣. مزگەوتی (شێخ بارینە) لە ساڵی (٢٠١٤) لە لایەن خێر خوازەوە دروستکراوە پێش نوێژ و وتار خوێن ناوی مامۆستا (عەبدوڵڵا مەلا عەلی)ە .

٤. مزگەوتی (مەلا ڕەشید) لە ساڵی (١٩٩٩) لەلایەن خێرخوازانەوە دروستکراوە، پێش نوێژ و وتار خوێن ناوی مامۆستا (محمد حەیدەر وەهاب)ە .

٥. مزگەوتی (حەزرەتی ویسەلقەرەنی) لە ساڵی(٢٠٠٤) لەلایەن مامۆستا (عەلی حسن عەلی) دروستکراوە .

٦. مزگەوتی گەوەی(باوەخەلان) لە ساڵی(٢٠٠٣) لەلایەن حوکمەتەوە دروستکراوە ، مامۆستای ئایینی ناوی (خسرۆ)یە .

٧. مزگەوتی(خێرات) لەساڵی(٢٠٠٨) لەلایەن خێر خواخوازنەوە دروستکراوە، پێش نوێژ و وتار خوێن ناوی مامۆستا (رەشید وسو عەبدوڵڵا)یە .

- لە ساڵی (١٩٦٣)وە قوتابخانەی هەبووە لەلایەن کەسایەتی بەناوی (مامل سەلیم) دانیشتووی گوندی باوەخەلان بوو لەماڵی خۆی شوێنی بۆ مامۆستاکان دابینکردبوو و خزمەتی دەکردن .
- لە ڕووی خزمەتگوازی کارەبای نیشتیمانی ساڵی (١٩٨٦) هاتە گوندی باوەخەلان[١٩].
- لەڕووی خزمەتگوزاری پرۆژەی بیری ئیرتوازی هەیە[٢٠].

**٣/گوندی (جەرگەزەوی) :**

- لەڕووی خزمەتگوزاری ئایینییەوە، لە دوو مزگەوت پێک دێت ئەمانەن :

١/مزگەوتی مامۆستا (عبدالجبار) کە کوڕەکەی بەناوی (صبغة الله) پێش نوێژ و وتار خوێنە .

٢/مزگەوتی (شێخ مراد) (کۆمەڵەی ئیسلامی) دروستکردووە . یەکەمین پێش نوێژ و وتار خوێن ناوی مامۆستا (دڵشاد)بوو کە خەڵکی کەرکووک بوو، بەڵام ئێستا مامۆستا( مەولود مەلا فاضل) کە خەڵکی گوندی جەرگەزەوییە، پێش نوێژ و وتار خوێنە[٢١].

---

[١٩]چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەشید مامل سەلیم ، سەرچاوەی پێشوو

[٢٠]عەبدوڵلا غەفوور ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٦٠ .

[٢١]چاوپێکەوتن لەگەڵ حاجی ئەحمەد محەمەد حەسەن، خەڵکی گوندی جەرگەزەوی ، بەرواری ٢٠٢٢/١١/١٠ .

- **لەڕووی خزمەتگوزاری بۆنەکان :**

١. هۆل بۆنەکان لە لایەن خەڵکی گوندەکە دروستکراوە .

٢. لەڕووی خزمەتگوزاری پڕۆژەی ئاو هەیە[٢٢].

٣. لەساڵی (١٩٧٤) قوتاباخەنە لە گوندی جەرگەزەوی دامەزراوە .

٤. لەڕووی خزمەتگوزاری کارەبای نیشتیمانی ساڵی (١٩٨٦) هاتە گوندی جەرگەزەوی[٢٣].

**٤/گوندی (خاڵوان) :**

- لەڕووی خزمەتگوزاری ئایینییەوە دوو مەزگەوت هەیە ئەمانەن :

١/مزگەوتی (ئەسماء طالع هطلان) لەساڵی دروستکراوە، مامۆستی ئایینی ناوی (سەید محەمەد سەید عەزیز) بوو، خەڵکی گوندەکە بووە[٢٤].

٢/تەکییەی (سەید عەزیز) لەساڵی (٢٠٠٠) دروستکراوە .

- گوندی (خاڵوان)لە ڕووی خزمەتگوزاری بونی پڕۆژە، پرۆژەی ئاو هەیە[٢٥].
- لە ساڵی (١٩٦٩_١٩٧٠) کارەبا هاتووەتە گوندی خاڵوان[٢٦] .

**٥/گوندی (چەمەپەگەز) :**

- دەزگا خزمەتگوزریەکانی ئەمانەن :
- یەک مزگەوت هەیە ، لەساڵی (٢٠٠١) رابیتەی ئیسلامی دروستی کردووە[٢٧] .
- هەروەها لە ڕووی خزمەتگوزاری هۆڵی بۆنە و هۆلی پرسە هەیە . لەساڵی (٢٠٠٤) لەلایەن حوکمەتی هەرێمی کوردستان دروستکراوە .
- لەساڵی (١٩٧٦) قوتابخانە لە گوندی چەمەپەگەز دامەزراوە[٢٨].
- لەڕووی پرۆژەی ئاو : ڕووبار، بیری ئیتوازی هەیە .

---

[٢٢]عبدوڵلا غەفور ، فەرهەنگی جوگرافیای هەولێر ، ل١٥٠ .

[٢٣]چاوپێکەوتن لەگەل فازل مەولود ، خەڵکی گوندی جەرگەزەوی ، بەرواری ٢٠٢٢/١١/١٧.

[٢٤]چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا محەمەد سەید عەزیز ، خەلکی گوندی خاڵوان ، بەرواری ٢٠٢٢/١١/١٧.

[٢٥]عبدوڵلا غەفور ، فەرهەنگی جوگرافیای هەولێر ، ل١٦٢ .

[٢٦]پەیچی ئاوێنەی زارەتی ، بەرواری ٢٠٢٢/٩/١٧ .

[٢٧]چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد کەریم خان ، خەلکی گوندی چەمەپەگەز ، بەرواری ٢٠٢٢/١١/١٠

[٢٨]چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد کەریم خان ، سەرچاوەی پێشوو .

- لە ساڵی (١٩٩٢) کارەبای نیشتیمانی هاتووەتە گوندی چەمەپەگەز[٢٩] .

**٦/ گوندی (قەرەقاجین – ناحیەی دارەشەکران) :**

_دەزگا و خزمەتگوزارییەکان ئەمانەن :

- چوار مزگەوتی هەیە .

١/ لەساڵی (١٩٨٣) کەسێک بەناوی (ئیزدین) هاتە گوندی (قەرقاجین) خانوویەکی بە جزیریو بەخشت دروستکرد، دواتر کردیانە مزگەوت، یەکەم مامۆستای ناوی( محەمەد عەلی) بووە.

٢/لەساڵی(١٩٨٥) لەلایەن خەڵکی گوندی قەرەقاجین مزگەوتیان بە(بلۆک) دروستکردووە.

٣/لەساڵی(٢٠٠٤) دوای ئەوەی بڕیار درا گوندی (قەرەقاجین) کە ئەوکات (سیداد بارزانی) سەردانی گوندەکەی کردووە، بازیز عەباس پێشنیاری کردووە کە مزگەوتیان بۆ دروست بکەن، حوکمەتیش لە ساڵی (٢٠٠٤) ئەو مزگەوتەیان دروستکرد . ئێستا مامۆستا (عیسا محەمەد عەلی) پێش نوێژ و وتار خوێنە .

٤/ لەساڵی(٢٠١٣) خێرخوازێک بەناوی (حوسێن خۆشناو) کە خەڵکی گوندی (نواوە) بوو پارچە زەوییەکی هەبو . بە (پێج دەفەتەر) دۆلاری فرۆشت و مزگەوتیان ڕووخاند، دواتر دووبارە دروستیان کردووەتەوە[٣٠].

- لەساڵی (١٩٧٧ز) قوتابخانە بنەڕەتی لە گوندی قەرەقاجین دامەزراوە .
- لەسالی (١٩٧٧ز) کارەبای نیشتیمانی هاتووەتە گوندی قەرەقاجین[٣١].
- بنکەی تەندروستی هەیە .
- بنکەی پۆلیس هەیە لەسەنتەری ناحیەی دارەشەکران .
- پڕۆژەی ئاو هەیە .
- فەرمانگای باری شارستانی هەیە[٣٢].

---

[٢٩] پەیچی ئاوێنەی زرارەتی ، سەرچاوەی پێشوو
[٣٠] چاوپێکەوتن لەگەڵ یوسف محەمەد میرزا ، خەڵکی گوندی قەرەقاجین ، بەرواری٢٠٢٢/١١/١٧ .
[٣١] چاوپێکەوتن لەگەڵ بایز عەباس ، خەڵکی گوندی قەرەقاجین ، بەرواری ٢٠٢٢/١١/١٧.
[٣٢] عەبوڵلا غەفور ، فەرهەنگی جوگرافیای هەولێر ، ل٣٨٧.

## ٧/ گوندی زرواو :

### -دەزگا  خزمەتگوزارییەکانی ئەمانەن :

- یەک مزگەوتی هەیە بەناوی مزگەوتی (گوندی زرواو) لەلایەن ئیغاسەی ئیسلامی دروستکراوە . مەلا شێخ ئەحمەد میرزا) یەکەم مامۆستای گوندی زرواو بووە، بەڵام ئێستا مامۆستا (یەحیی کوڕی ملا بیلال)ە .
- هۆڵی بۆنەکانیش لەساڵی (٢٠١٦) لە لایەن خەلکی گوند دروستکراوە[٣٣].
- لەساڵی(١٩٧٧) قوتابخانەی سەرەتایی لەو گوندە کراوەتەوە[٣٤] .
- لەساڵی (١٩٧٧) کارەبای نیشتیمانی هاتووەتە گوندی زرواو[٣٥].
- لەڕووی خزمەتگوزاری پڕۆژە ، پڕۆژەی ئاو هەیە[٣٦].

## ٨/گوندی (گۆپاڵ) :

### -دەزگا خزمەتگوزارییەکانی ئەمانەن:

- دوو مزگەوت هەیە ئەمانەن :

١/  بۆ یەکەمجار مزگەوت لەساڵی (١٩٦٠ ) لە قور دروستکراوە پێش نوێژ و وتار خوێن ناوی مامۆستا(عەزیز خەلیل) خەلکی گوندی گۆپاڵ بوو .

٢/ لەساڵی (٢٠١٣) لەلایەن ژنێک بەناوی (غوربەت خدر) خەڵکی گوندی (گۆپاڵ) بوو خانووەیەکی هەبووە وەسیەتی کردبوو ئەگەر مرد خانووەکەی بفرۆشن هۆڵی پێ دروست بکەن[٣٧].

- ساڵی (١٩٧٦) لە گوندی گۆپاڵ قوتابخانە دروستکراوە [٣٨].
- پڕۆژەی ئاو ، بیری ئیتوازی هەیە .
- لەساڵی (١٩٨١) کارەبای نیشتیمانی هاتە گوندی گۆپاڵ[٣٩].

---

[٣٣]چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد مەجید نەجیم ، خەڵکی گوندی زراو ، بەرواری ٢٠٢٢/١١/١٧
[٣٤]چاوپێکەوتن لەگەڵ سەید ئیراهیم ، خەڵکی گوندی زرواو ، بەرواری ٢٠٢٢/١١/١٧ .
[٣٥]پەیجی ئاوێنەی زرارەتی ، سەرچاوەی پێشوو .
[٣٦]عەبدوللا غەفور ، فەرهەنگی جوگرافیای هەولێر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٥٧ .
[٣٧]چاوپێکەوتن لەگەڵ حاجی ئیسماعیل ئەحمەد ، خەڵکی گوندی گۆپاڵ ، بەرواری ٢٠٢٢/١١/١٨.
[٣٨]پەیجی ئاوێنەی زرارەتی ، سەرچاوەی پێشوو .
[٣٩]عەبدوللا غەفور ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٥١٣ .

### ٩/ گوندی (گردی ماوان) :

### -دەزگا خزمەتگوزاریەکانی ئەمانەن :

- لەڕووی خزمەتگوزاری ئایینییەوە دوو مزگەوتی هەیە :

١/ مەلا حەسەن لەسالی (١٩٧٣-١٩٧٨ز) مامۆستای گوند بووە .

٢/ لەساڵی (١٩٨١) لەلایەن بنەماڵەی حاجی تۆفیق کە لەشەڕی نێوان عێراق و ئێران شەهید بوو، دواتر پارەیان وەرگرت مزگەوتیان پێ دروست کرد، مزگەوتەکەش بەناوی مزگەوتی (گوندی گردی ماوان)ە [٤٠].

- ساڵی (١٩٧٥) قوتابخانەی سەرەتایی لە گوندی گردی ماوان دروست کراوە[٤١].
- کارەبای نیشتیمانی هەیە
- پڕۆژەی ئاو ، بیری ئیتوازی هەیە[٤٢].

### ١٠/ گوندی( وسومەلیان) :

- **دەزگا و خزمەتگوزاریەکان ئەمانەن :**
- یەک مزگەوت هەیە ،لە ساڵی (١٩٣٠) وە مزگەوت و حوجرەی فەقێیان هەبووە . کە بۆ یەکەمجار (مەلا یوسف چەلەبی) حوجرەی بۆ قوتابییە فەقێکانی کردووەتەوە[٤٣].
- لەساڵی (١٩٨١)کارەبای نیشتیمانی هاتووەتە گوندی وسومەلیان .
- قوتابخانەی بنەڕەتی و دواناوەندی و ئامادەیی هەیە[٤٤]

[٤٠]چاوپێکەوتن لەگەڵ خدر حەمەد ئەمین ، سەرچاوەی پێشوو .
[٤١]پەیچی ئاوێنەی زرارەتی ، سەرچاوەی پێشوو .
[٤٢]عەبدوڵڵا غەفور ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٠٣ .
[٤٣]چاوپێکەوتن لەگەڵ کەمال ئەحمەد ، خەڵکی گوندی وسومەلیان ، بەرواری ٢٠٢٢/١١/١٨ .
[٤٤]پەیچی ئاوێنەی زرارەتی ، سەرچاوەی پێشوو .

**تەوەرەی دووەم : باردۆخی کۆمەلایەتی ناحیەی دارەشەکران :**

**باسی یەکەم : أ_ ژمارەی دانیشتوانی گوندەکانی ناحیەی دارەشەکران لە سەرژمێری سالَی (١٩٥٧) ئەمانەن:**

| ناحیە | ناوی گوند لە بەڵگەنامەکان | ژمارەی دانیشتوان | ناوی ئێستای گوندەگە |
|---|---|---|---|
| ١/ سەلاحەدین | باوەخلان | ٣٠٨ | باوەخەلان |
| | توە | ١٤٩ | تووە |
| | جرگەزەوی | ٢٧٦ | زەرگەزەوی |
| | ڕەشوان نورۆ | ٤٦ | ڕەشوان نورۆ (خواروو) |
| | قرەقاجین | ٦٠ | قەرەقاجین (ناحیەی دارەشەکران) ، ل ١٠٧ [٤٥]. |
| | ڕەشوان یوسف | ٨٩ | ڕەشوان یوسف (سەروو) |
| | سرسوڵ | ١٢٧ | سەرسوڵ |
| | زرواو | ٩٨ | زەرواو |
| | کردی ماوان | ١٣٢ | گردی ماوان ، ل ١٠٨ |
| | کۆپاڵ | ٨٦ | گۆپاڵ ل١٠٨ |
| | کەرودەلالان | ٤٢ | گەرودەلالان ، ل١٠٨ [٤٦]. |
| | اسولملیان | ٦٦ | سەرسەولیان(وسومەلیان)ە ، ل١٠٨ |
| | کودریان | ٩٩ | کودەریان ، ل ١٠٨ |
| | | | |
| ٢/ عنکاوە | ماموندان | ٤١ | مەموندان ، ل٨٣ |
| | دوین | ٤٠ | دوین ، ل١٠٣ [٤٧] . |

---

[٤٥] جەلال مەحمود ئەحمەد سنجاوی ، سەرژمێری سالَی١٩٥٧ ، ئینسکلۆپیدیای هەولێر ، چاپ و بلاو کردنەوەی دەزگای بەدرخان ، چاپی یەکەم ، (لوبنان :٢٠٠٩) ، ل ٢٦٧ .

[٤٦] هەمان سەرچاوە ، ل ٢٧٧ .

[٤٧] عەبدوڵلا غەفور، گوندەکانی باشوری کوردستان لە سەرژمێری دانیشتوانی عێراقدا سالَی (١٩٥٧) ، بەرگی دووەم، چاپی دووەم ، (هەولێر:٢٠٠٥) ، ل ل ٨١، ١٠٦-١٠٨.

**ب_ ژمارەی دانیشتوانی گوندەکانی ناحیەی دارەشەکران لە سەرژمێری ساڵی (١٩٧٧ز) ئەمانەن :**

| ناحیە | ناوی گوند لە بەڵگەنامە | ژمارەی دانیشتوانی | ناوی ئێستای گوندەگە |
|---|---|---|---|
| هەریر | باوەخڵان | ٥٠٤ | باوەخەڵان ، ل٣١٢ |
| | قەلاتەجن | ١١١ | قەلاتەجن ، ل٣٠٥ |
| | تووە | ٢٠٥ | تووە ، ل٣١٢ |
| | جرگەزەوی | ٤٩٨ | زەرگەزەوی ، ل٣١٢ |
| | ڕەشوان نورۆ | ١٠٧ | ڕەشوان نورۆ (خواروو) ، ل٣١٠ |
| | قەرەقاجین | ٨٢ | قەرەقاجین ، ل ٣١٠ |
| | ڕەشوان یوسف | ١٢١ | ڕەشوان یوسف (سەروو) ، ل٣١١ |
| | زرواو | ٢٢٧ | زەرواو ، ل٣١٠ |
| | گردی ماوان | ١٤١ | گردی ماوان ، ل ٣١٠ |
| | کوپال | ٣٣٨ | گۆپاڵ ، ل٣١١ |
| | وسومەلیان | ٢٣٥ | نەنووسراوە ، ل٣١١ |
| | کودریان | ١٨١ | کودەریان ، ل ٣١٢ |
| | خالوان | ٢٠٦ | خاڵوان ، ل ٣١١ |
| | هبابان | ٧٥ | هەبابان ، ل٣١٢ |
| | دوین | ٧ | دوین ، ل٣١٢ |
| | منداوە | ـــــ | مەنداوە ، ل٣١١ (٤٨) |

(٤٨)عەبوڵڵا غەفور ، گوندەکانی باشوری کوردستان سەرژمێری دانیشتوانی عێراقدا ساڵی (١٩٧٧) ، بەرگی دووەم ، چاپی دووەم ، هەولێر (٢٠٠٥) ،ل٣١٢.٣١٠.٣٠٥.٣٠٢ .

## باسی دووەم/ بارودۆخی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی:

**أ–هۆز** لە کۆمەڵە خەڵکانێک پێکدێت، پەیوەندی خوێن کۆی کردوونەتەوە پاشان لقیان لێ بۆتەوە. باپیرە گەوریەکیان هەبووە،پاشان لقیان لێ جودابۆتەوە. هۆزی هەیە سەرۆکی نییە، هی واش هەیە چەند سەرۆکی هەیە هەیە. لە سیستەمی هۆزایەتی کوردیدا سەرۆکی هۆز دەسەڵاتی تەواوی هەبوو، جێگرتنەوەشی بەپێی سیستەمی میرات جێ بەجێ دەکرا، کوڕ جێگەی باوکی دەگرتەوە .

**ب–تیرە/** ڕیشەی ناوی (تیرە) بۆ گەلانی کۆنی کوردستان دەگەڕێتەوە، مانای خێراو تیژڕەو گورج گۆلی دەگەیەنێت. تیرەش واتا تایەفە و بەرەباب .

**ب/ دەمارگیری**:–بریتییە لەو هەستە ناوەکیەی تاکەکانی هۆز بەیەکەوە دەبەستێتەوە ،لە حالەتی ڕووبەڕووبوونەوەدا تاکەکان هاوکاری یەکتر دەکەن. کەسی دەرمارگیر شانازی دەکات بە ئەندامانی هۆزەکەی خەڵکیشی لەسەر دەکوژێت بێ لێکۆڵینەوە .

| ناوی گوند | بەرەباب |
|---|---|
| گوندەکانی زراری لەناوچەی زرارەتی سەر بە ناحیەی دارەشەکران لە هەولێر . | |
| ١– زراواو ، سەرکەور ، گردی ماوان . | پیربال |
| ٢– چەمەپەگەز ، خالّوان ، خالّوانی نویّ ، ڕەشوان یوسف ، مامخالان ، مەنداوە ، هەبابان . | مالّە باس (مارە باس) |
| ٣– قەپەکیان ، گەرووەدەلالان ، گۆپالّ . | ڕەش ئاغا |
| ٤/–باوەخەلان و بەشێکی وسومەلیان ، هەبابان . بەشێکی گوندەکانی دەشتی هەولێر لە هۆزی زراریان . | ١/ توخمە میرک ٢/ قەومە سێویّ ٣/قەومی بنەمار٤/مالّی مەلا عەلی[٤٩]. |
| ٥– بانە | ١/خدی ٢/شەریف محمد ٣/گچکە ٤/تەمەرخان ٥/کسبار چەلەپی |
| ٦– مامخالان | ١/ مارە ڕەش[٥٠] . |

---

[٤٩]کاروان سلیمان کاکە مەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٠–٣١ ، ٣٤ .

[٥٠]چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەشید مامل سەلیم ، سەرچاوەی پێشوو ، بەرواری ٦/١٠/٢٠٢ .

| | |
|---|---|
| ٧- زەرگەزەوێ | ١/ گەردە ٢/ شێخە ٣/ دیاب ٤/ ڕووحان ٥/ بوارهارێ ٦/خار فەقێ (مامسالن) [٥١]. |
| ٨-تووە | ١/ تمرخان(توخمە خانک) ، ٢/ مارە دۆران ، ٣/ مارێ پیرێ (خدر حاجی) ٤/ محێ ئیبراهیم [٥٢]. |
| ٩- خاڵوانی نوێ | ١/ مامەر ئاغا . |
| ١٠- ڕەشوان نورۆ | ١/ سەید مەحمود ٢/ نورۆ هەرکی[٥٣]. |
| ١١- زەرواو | ١/ میرزا ٢/ کوڕیژگە ٣/ مەلا ئەحمەد [٥٤]. |
| ١٢- چرە | ١/ سلێمان مرادخان شێخە ٢/ عەزیزئاودەڵ مەلا زەردێ سمایل محێ شریف چەلەبی . |
| ١٣- چەمەپەگەز | ١/ حەسەن برایم . |
| ١٤-چنارۆک | ١/ ئەحمەد سلێمان ٢/ بنەماڵەی مستەوا لە بنەچەدا خەڵکی گوندی جەرگەزەوین . |
| ١٥-گەرووەدەلالان | ١/ ڕەشکە ٢/ وەزمانان[٥٥]. |

## -ژن و ژنخوازی و دابونەریتی ژن گواستنەوە لە ناحیەی دارەشەکران

## یەکەم : جۆرو شێوازی ژنهێنان :

لەناو کورد بەگشتی و لە دارەشەکران بەشێوەیەکی تایبەتی، لە کۆندا خەڵک باری ئابووریان باش نەبووە، بۆیە ژنیان نەدەهێنا، خەڵک ئەوکات هەژار بوون، زیاتر ژنهێنان لە نێوان دوو بنەماڵە بە ژن بەژنی دەکرا، پێشان ژن و ژنخوازی لەگەڵ ئێستدا زۆر جیاوازی هەبوو، لەبەر ئەوەی جاران پارە و پوول کەم بوو ژن بە ماڵ نەدەهات، بۆیە بەشی زۆری خەلک ژن بەژن یان گەورە بە کچکەیان دەکرد،ب ۆیە ئەو جۆرە ژنهێنانە سەرکەوتوو نەبوو و شەڕو ئاژاوەی بە دواوە بوو، خوا هاسەرگیری وەکو هۆکارێک بۆ بەردەوام بوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی داناوە، هەروەکو دەفەرموێت:

---

[٥١]چاوپێکەوتن لەگەڵ حاجی کازم ، خەڵکی گوندی باوەخەلان ، بەرواری ٢٠٢٢/١١/٢٣.

[٥٢]چاوپێکەوتن لەگەڵ عبدالرحمن حمد ئیسماعیل، خەلکی گوندی تووە، بەرواری ٢٠٢٢/١١/٢٤ .

[٥٣]چاوپێکەوتن لەگەڵ بەحری مامڵ فەرحان ، خەلکی گوند خاڵوانی نوێ ، بەرواری ٢٠٢٢/١١/٢٤ .

[٥٤]چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد موستەفا ، خەلکی گوندی زرواو ، بەرواری ٢٠٢٢/١١/٢٤ .

[٥٥]چاوپێکەوتن لەگەڵ حاجی ئەحمەد ، خەلکی گوندی چنارۆک ، بەرواری ٢٠٢٢/١١/٢٥ .

﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾( سورة الحجرات ، الاية١٣)،، ئەم ژن مارەکردنەش بەپێی شەریعەتی خوا و پێغەمبەر (د.خ) بێت [٥٦].

شایەنی باسە کەسایەتی ڕیش سپی گوندی کودەریان (سەدیق شێرە سوار) گوتی: خەڵکی دارەشەکرانیش بە شێوەیەکی گشتی بەهەمان شێوە دابونەریتەکانی وەکو گوندەکانی دەوروبەر وایە، باب ژنی لۆ کوڕی خۆی دەهێنا لەدووی خەڵکەکەی دەگێڕاوە ٣ تا ٤ ڕۆژ شایی دەکرا، بووکیان بە سوارە دەگوازتەوە، چونکە جاران ئۆتۆمبێل نەبوو. ئەگەر خەڵکەکە نانیان بەدڵ نەبووایە گوللەیان بە گوندی وە دانا. بەربووک دەچووە گوندەکە و شەوەکە تا بەیانی لەوێ دەماوە [٥٧] .

## دووەم : جۆرەکانی ژن هێنان :

### ١- ژن بەژنی :

لەناو کۆمەڵگای کوردەواری ژن بە ژنی جا گەورە بە گەورە یاخود گەورە بە بچووک تاوەکو سالآنی نەوەدەکان لە سەرووی شێواز و جۆرەکانی ژن هێنان بوو، ئەگەرچی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەم جۆرە ژن هێنانە زۆر دەگمەنە بەرەو نەمان چووە، ژن بەژنیەکەش زیاتر لە نێوان خزمان بوو، بە تایبەت لە نێوان ئامۆزاکان،چونکە کچ و کوڕ و بنەماڵەکە یەکتری دەناسن و خەرجی ژن هێنانەکەش کەمتر دەبۆوە، بنەماڵەش ئەگەر کچەکیان دەڕوات کە هاوکارێکی باش بووە لە بەڕێوبردنی ماڵ، بەلآم کچەکەیان نوێ کە دەکاتە بووکیان بۆ زیاد دەبێت پشتی خۆی دەداتە بەر کارو باری ماڵی خەزوورانی و هاوکاریان دەبێت لە هەموو کارێکدا .

### ٢- شیربایی :

جۆرێکی دیکەیان شیر بایی بوو بووە واتا کاتێک کوڕێک چووەتە داوای کچێک باوکی کچەکە پارەی وەردەگرت کە پێیان وتووە (**شیربایی**) [٥٨].

[٥٦]کرێکار عبدلرحمن عەزیز ، مێژووی سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٧٧ .
[٥٧]چاوپێکەوتن لەگەڵ سەدیق شێرە سوار ، خەڵکی گوندی کودەریان ، بەرواری ٢٠٢٣/١/١٩ .
[٥٨]کرێکار عبدلرحمن عەزیز ، مێژووی هۆزی زراری ، ل٦٧٧

### ٣- ژن هەڵگرتن :

جۆرێکی دیکە ژن هەڵگرتن بوو جا کوڕەکە ژنی لە بنەماڵەکەی خۆی یان بنەماڵەیەکی دیکە یاخود هۆزێکی دیکە هەڵدەگرت، زۆر جاریش کارەساتی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام کوڕ و کچەکەیان لە یەکتر مارەدەکرد، چونکە واباشترە ئەگەر کوڕ و کچ دڵیان پێکەوە بێت کوڕەش دین و ڕەوشتی هەبێت ئەوا لەسەر ناوی خودا و پێغەمبەر (د.خ) هاوسەرگیریەکە ئەنجام بدرێت تاوەکو عاقیبەت بەخێربن و ببنە دایک و باوکی کوڕ و کچ،ن ەوەکو بیر لە کوشتنیان بکرێتەوە، چونکە کوشتن کارێکی گەورەیە و لێخۆش بوونی لای خوای گەورە ئەستەمە .

### ٤- دڵداری :

جۆریکی دیکەی ژن خواستن بەهۆی دڵداری نێوان گەنجەکان ،لەسەر کانی کاتێک کچان بە جلکی جوان بە نازەوە لەسەر کانی بە گۆزەی دەستیان سەرنجی گەنج و لاوانیان بۆ خۆیان ڕادەکێشا، لە کۆن و ئێستاشدا چیرۆکی خۆشەویستی گەنجان هەیە ، ئەمەش غەریزەیەکە خودا بە مرۆڤی بەخشیووە بەتایبەت بە ڕاستگۆیی و پاکو خاوێنی و ماڵ دروستکردن بێت، نەوەکو بۆ سوکایەتی و دەست بڕینی یەکتر بێت[٥٩].

مەرجی تریش هەیە کاتێک کچ شووی دەکرد و دەچووە ماڵ و مێردی خۆی ، دەبووایە کابانێکی زۆر باش بووایە ،مەرجەکانی کابانی باشیش ئەمانەی خوارە بوو :

١- تیک و دەرمان ، واتا ژن هەموو جۆرە درومانێکی زانیبووایە و بەدەستی خۆی جلوبەرگی ئافرەتان و پیوان ببڕیبایەو بشی دووریبایە .

٢- دۆشینی ماڵات بزانێت وەک بزن و مەڕ و مانگا .

٣- بەروماڵ، واتە ماڵی پاک و ڕێک بووایە .

٤- ئەگەر تەونی بزانیبایە دەست ڕەنگین بوو[٦٠].

---

[٥٩] کرێکار عبدلرحمن عەزیز ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٧٧ .

[٦٠] حەمید ڕەشاش، ژیانی کوردەواری... ، ل١٢٦ .

## سێیەم : ئاهەنگ و شێوازی ژن گواستنەوە لە ناحیەی دارەشەکران :

لەشەوی پێش گواستنەوەدا خەنە بەندان دەکرا، کچەکان هەموویان دەستی خۆیان و کوڕەکانیش پەنجەی بچووک و نێو لەپی خۆیان لە خەنە دەکرد . هەندێک ماڵ مەولوودیان دەکرد.ئەگەر هەردوو ماڵ خەڵکی یەک گوند بوونایە، هەر دەبووایە جێگەی بووک گۆڕینەوە دیاری بکەن و دەبووایە هەر بووکە و بەربووکی لەگەر بێت، ئەمە نەریتێکە کوردەواری بوو بووکیان سواری ماین دەکرد و سواری ئەسپیان نەدەکرد، چونکە ماین زاوزێ دەکات و ئەسپ زاوزێ ناکات پێیان وا بوو ئەگەر بووک لەکاتی گواستنەوەدا سواری ماین بکرێت منداڵی دەبێت و نەزۆک نابێت ،ئەوکات بووک بە سواری ماین دەگوازرایەوە ،کاتێک بووک سواری ماین دەکرا جەهازی بووکەکەش لە هێسترێک بار دەکرا ،عادەت وابوو بووک بە ماین بگوازرێتەوە نەک ئەسپ . کاتێک بووک سوار دەکرا ،بەڕێ دەکەوت و بەربووکیش بە سواری هێسترەکە لەدوای بووک دەڕۆویشت دوو پیاوی خزمی زاواش لە چەپ و ڕاستی ماینی بووکدا دەڕۆویشتن ،وە بەربووکەکان بووکیان تەسلیمی یەکتر دەکرد و هەر بەربووکە وبووکی خۆی دەهێناوە و سوار سوار دەبوونەوە و بووک و بەربووکیش سواردەبوون و بە هەمانشێوە دەگەڕانەوە . لەکاتی گەڕانەوەدا ئەم گۆرانییەیان دەگوت ، یەکێک دەیگوت و نەوەکانی دیکە دەیانگێڕاوە : هاتینەوە و هاتینەوە ،بووکمان هێنا و گەڕاینەوە،جێی ڕایەخن پاڵدەینەوە ،شیوی تێکەن سارد بێتەوە ، زۆرجار (٧) شەو و ڕۆژ دۆڵ و زوورنا دەکوترا و ڕەش بەرەک دەکرا [٦١].

**١- شایی و شادی :** ئەگەر کەمێک بۆ ڕابردووی میلەتەکەمان بگەڕێینەوە لاپەڕە گەش و پرشنگدارەکانی هەلبدەینەوە دەبینین زۆر یادگاری بە تام و چێژی گرتۆتە خۆی ،کەمەش بە نەمری مماوەتەوە ،یەکێک لەوانەش سازکردنی بەزم و هەلپەڕکێی کوردەواریە ، وە لە دارەشەکران شایی و هەلپەڕکێ لەسەدەمی ڕابردوو هەبووە زۆربەی خەلکەکان چوار ڕۆژ تا حەوت شایان دەکرد ،وە بەهۆی دەهۆل و زوڕناوە جۆش و خڕۆش دراوە و گەورەترین شایی و ڕەشبەڵکی لێ هاتەۆتە بەرهەم. وە ساڵانێکی زۆر بەو کارەوە خەریکن تا ئەمڕۆ دەگات چەدین ئاهەنگ و هەلپەڕکێ حەوت شەو و حەوت ڕۆژیان بەڕێوە بردووە[٦٢].

---

[٦١]کرێکار عبدلرحمن عەزیز ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٧٨ .

[٦٢]هەمان سەرچاوە ، ل ٦٧٨ .

لە دارەشەکران وەکو هەموو ناوچەکانی دیکەی کوردستان کاتێک کوڕ و کچێک چوونەتە ناو ژیانی هاوسەرگیری بە پێی توانای مادی و مرۆیی ئەو سەردەم، ماڵی زاوا ئاهنگێکی شایستەیان ئەنجامداوە و شایی و گۆڤەندیان بۆ کردووە،لەگرنگترین ئەو کەسانەی ئاهەنگ و شایی ناوچەکانی دارەشەکرانیان بەڕێوە بردووە بریتی بوون لە :

أ- دێوانە: دەهۆڵ کوتبووە ئەویش ئاوقەرانی (سەید کەریم) بوو، لە زوڕنا لێدان زۆر جار لە شاییە گەورەکان (سەید کەریم) و (دێوانە) بەیەکەوە شاییان دەگێڕا[1](بەحری مامل) دانیشتووی گوندی (خالۆان) ژیاوە،بەڵام دواتر چۆتە گوندی(عەوێنە)ی دەشتی هەولێر لەوێدا نیشتەجێ بووە [63].

ب- محەمەد شوانی خەڵکی گوندی (گۆپاڵ)ە زۆڕنا ژەن بووە[64].

## - گۆرانی بووک گواستنەوە :

گۆرانییەکانی بووک گواستنەوە زۆر بوون، وەکو (های چیلە _ هاتینەوە _ بایێ شەمشار _ لێنێن لێنێن پێشی باران) [65]. شایەنی باسە دارەشەکرانیش بوکیان دەڕازاندەوە و جلکی ڕێک و پێکیان لەبەر دەکرد بووکیان بە ماینیان دەگوازتەوە،لەبەر ئەوەی ماین زاوزێی دەکرد ئەسپ زاوزێی نەدەکرد، بەربووکیش لەگەڵ بووکەکەی دابوو بوکیان سواری ماین دەکرد چەپڵەیان ،ئەگەرلەگوندەکی دووریش بووایە تەفگیان دەتەقاند تا بزانن بووک هات. خەڵکەکە لە بووک دەڕویشتن بە چەپڵە لێدان ،هەروەها کڵاوەک هەبوو سەردەمی پێشوو پێی دەڵێن (قوبە) ئەم کڵاوە لەسەر بووکیان دەکرد بەربووکیش بوکیان دەڕازاندەوە دەست و پلیان لە خەنە دەنا. سەردەمی پێشوو (وێنە) نەبووە دەهۆڵ و زوڕنایان دەهێنا دوو تا سێ ڕۆژ شایی دەکرا[66].

---

[63]کرێکار عبدلرحمن عەزیز ، مێژووی هۆزی زراری ، ل٦٨١ .

[64]کرێکار عبدلرحمن عەزیز ، مێژووی هۆزی زراری ، ل٦٨١ .

[65]حەمید ڕەشاش ، ژیانی کوردەواری ، ل١٢٤ .

[66]چاوپێکەوتن لەگەڵ فاتم خدر ، خەڵکی گوندی باوەخەلان ، بەرواری ٢٠٢٣/٣/٢ .(ناوی تەواوی فاتم خدر باس خەلکی گوندی کودەریانە لەسالی (١٩٢٩ز) لەدایکبووە خێزانی حەسەن عەلی مامل ئێستاش لە گوندی باوەخەڵان دەژیت .

## چوارەم : جۆرەکانی شایی لە ناوچە ناحیەی دارەشەکران :

جۆرەکانی شایش لە ناوچەی دارەشەکران بریتین لە (سێ پێی ، تۆزێ ، چەچانێ ، دمچەیی) لەناوچەی دارەشەکران سیفاتێکی جوان هەبووە کاتێک شایی و ڕەشبەڵەک دەستی پێکردووە ئەو پیاوانەی ویستوویانە بچنە شایی، ماڵی خاوەن ئاهەنگ کچەکی خۆیان ناردۆتە دەستیان، ئەمەش وەکو ڕێزێک بووە تاوەکو میوان هەست بەشەرم (شوان کەریم ئاغا) دانیشتووی گوندی(ڕەشوان یوسف) دەڵێت"**"دایکم کە بۆ باوکم هات(٧) شەو و ڕۆژ (زەنوون) و (دێوانە) دەهۆڵ و زوڕنایان لێداوە""**[٦٧]. لە دارەشەکرانیش ئەو جۆرە شایی هەبووە هەروەکو (دووپێی ، دمچەیی ، تۆزێ...هتد). خەلکەکە شاییان دەزانی دەهۆل و زوڕنایان دەهێنا کە(دێوانە و زەنوون [٦٨]) هەبوون[٦٩].

## پێنجەم/ خواردنی کوردەواری لەناوچەی ناحیەی دارەشەکران :

جاران خواردنی کوردەواری خۆشتر و بەتام تر تەندروستتربوون. لەسەردەمی زووەوە چەند جۆرە خوراکی تایبەت بەخۆی هەبووە،بەپێی باردۆخی ئابووری و جوگرافی و شێوە ژیانی ئەوکاتە بەکاری هێناون، هەندێکیان خۆراکی شل بوون و هەندێکیشان خۆراکی توند بوو، خواردنە شلەکان(گەنم وماش ، گەنم بە کەشک ، دۆبەکەشک، نیسک، بەرپێن، شۆربای برنج، دۆین ...هتد)، خواردنە توندەکان وەک(ساوار ، برنج ، قاورمەی گۆشت ، تۆڵکە ، کەنگر ، دۆغەوا ، کاردی ، داندۆک ..هتد)،باردۆخی پێشان لەگەڵ هەلومەرجی ئێستا زۆر جیاوازە ،ئێستا هەموو شتە خۆشەکان لەبەرچاون و ئەوەی بە مرۆڤ بیری لێ بکات هەیە ، بەڵام هەر نەبوونی و هەژارییەکەی جاران لە ژیان و خۆشییەکانی ئێستا خۆشتربوو،لەناوچەی دارەشەکرانیش خوردنی کوردەواری

---

[٦٧]کرێکار عبدلرحمن عەزیز ، مێژووی هۆزی زراری ، ل٦٨٦ .

[٦٨] (زەنوون) : زوڕنابێژ بوو خەلکی گوندی (زەنگەنانی) بادینان (عشاءر سیعە) بوو سیدیش بوو لەسالی (١٩٧٣ز) مردووە ،سەردەمێک لە گوندی(خالوان) ژیاوە ، بەڵام دواتر چۆتە گوندی (عەوێنە)ی دەشتی هەولێر لەوێدا نیشتەجێبووە (چاوپێکەوتن بحری مامل فرحان، بەرواری ٢٠٢٣/٢/٣) .(دێوانە) : دەهۆل کوتبووە ئەویش ئاوقەرانی (سەید کەریم) بوو لە زووڕنا لێدان زۆرجار لە شاییە گەورەکان (سەید کەریم) و (دێوانە) بێیکەوە شاییان دەگێڕا. حەمدی ڕەشاش ، ژیانی کوردەواری ، ل١٦٦ .

[٦٩]چاوپێکەوتن لەگەڵ وجیە حەسەن عەلی ، بەرواری ٢٠٢٣/٣/٢ .

هەبوو،وەکو(شەکر، دەرمان چای) هەموو شتەکان خۆماڵی بوون وەکو (برنج ،ڕوون ،ماش،ک ، داندۆک ، نیسک ،گەنمە کوتا) [٧٠].

شایەنی باسە خەڵکی ناوچەی دارەشەکران لەسەردەمی ڕابروو گرنگیان بە خواردنی کوردەواریەکان دەدا، بەڵام ئێستا خەڵکەکە گرنگی بە خواردنی کوردەواری کەم دەدەن، نموونە (بەرپێن)ە زۆر بەسوودە پڕە لە ڤیتامین، بەڵام ئەم خواردنە کەم بووە لە ناوچەی دارەشەکران سوودی گەلەک زۆرە بۆ لایەنی تەندروستی، (بەرپێن)ە لەو کاتەی پێدەگەیشت کە شیناوی دەکرا، بەڵام بەهۆی وشکە ساڵی بەرپێنە نەماوە. (بەرپێن)ە یەکێکە لە خواردنە سەرەکیەکان، هەروەها (نان وماست) زۆر بوو خەڵکەکە دەچوونە دروینەکردن دەیان خوارد برسیشیان نەدەبوو تا ڕۆژئاوابوون ،وە هیچ زەرو زیانی بۆ سەر جەستەی خەڵکەکە نەبوو وە خواردنەکان وەکو (دۆین ، دۆغەوا ، داندۆک) ئەو خواردنانە لە ماستی خۆمانی دروستدەکرا ،خەلکی ناوچەی دارەشەکران زووتر هەلدەستان بۆ سەر ئیش و کارەکانیان (داندۆک) بەیانیان پێش ئەوەی خەڵکەکە بچنە سەر دروینەکردن ئافرەت یەک مەنجەڵ (داندۆک)ی دروست دەکرد، تام و لەزەتی خۆی هەبوو و سوودی بۆ لایەنی تەندروستی هەبوو بۆ مرۆڤ. خەڵکی ناوچەی دارەشەکران بەشێوەیەکی گشتی ئەوانەی تەمەنیان (٧٠) تا (٨٠) ساڵی، ئەوانەی بە تەمەن بوون ئەو خواردنانەیان سوودی هەبوو بۆ ژیانیان، بە نەمانی خواردنی کوردەواری کاریگەری لەسەر تەمەن دروستکرد،ت ەمەن کورت بووە مێشکیان زۆر بێ هێز بوو، هەروەها خواردنی (تۆرکە) پێشتر لەسەر پشتی (سێر) بە سماق ئینجا دەیان خوارد، ئێستا ئەو خواردنە کوردەواریانە کەم بووینەوە .

## ڕێو ڕسمی جەژن لە ناوچەی ناحیەی دارەشەکران :

شایەنی باسە لە دارەشەکران گشت پیاوانی ڕیش سپی بەرەبەیان بۆ نوێژی جەژن دەچوونە مزگەوت،لەڕۆژی جەژندا گۆشت دەخورا، بەڵام برنج نەبوو، خۆ ئەگەر ماڵێک برنجیان لێنابایە هەموو گوندەکە دەیزانی، دوای نان خواردن هەموویان جەژنیان لەگەڵ یەکتر دەکرد، خەڵکی ناوچەی دارەشەکران بەشێوەیەکی گشتی لە جەژنی قوربان قوربانیان دەکرد، ئینجا هەبوو بە مانگا هەش بوو

[٧٠]چاوپێکەوتن لەگەڵ فاتم خدرباس ، خەڵکی گوندی باوەخەلان ، بەرواری ٢٠٢٣/٣/٢

بەمەڕ یان جیسک، هەش بوو هەژار بوو توانای قوربانی نەبوو، خەڵکەکە گۆشتیان بەسەر یەکیان دابەشدەکرد[٧١].

## پێنجەم : جل و بەرگ:

### أ- جل و بەرگی پیاوان :

خۆی لە کۆندا جلک و بەرگی پیاوان کودەواری بووە زیاتر پیاوەکان کورتەک و شەرواڵیان لەبەر کردووە ئەو جلک و بەرگە بە سەرچاوەیەکی ڕەسەن دادەندرێت لە ناوچەکانی دارەشەکەران بەشێوەکی گشتی، بۆیە گرنگیان شتەکانی کوردەواری داوە ، بەڵام جلی تایبەتیان نییە، وە (ڕانک چۆغەر [٧٢])یان لەبەر کردووە [٧٣]، بۆ سەریش جەمادانی و شەدەیان لەسەر کردووە، پشتدێنیشان بە(٩) قاف بەستووە،(شوان کەریم ئاغا) دەڵێت **"ئەگەر کەمتریان بەستبا دەیانگوت منداڵانی بەستووتیان، پیاوان جلک و بەرگیان لە شاری هەولێر دووریوە مێژووی جلوبەرگی کوردی بۆ سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی ماددەکان دەگەڕێتەوە، کە بۆ یەکەمجار شەرواڵیان داهێناوە"** [٧٤]. لەناوچەی دارەشەکران بەشێوەیەکی گشتی (ڕان و بەربووز) بوو پێیان دەوت (ڕانک چۆغەر) وە (شەدە) جەمادانییش هەبوو خەڵکی ناوچەی دارەشەکران لە هاوینان دەبوایە (بێجامە)ی سپی لەبەر بکەن بۆ ئەوەی فێنکیان ببێتەوە ،لەبەرئەوەی کارەبا نەبووە لەسەردەمی ڕابردوو[٧٥].

### ب- جل و بەرگی ئافرەتان :

خۆی ئافرەتان جلک بەرگیان لە شاری هەولێر نەدەکرد، بەدەست ڕەنگینی خۆیان جلک و بەرگی خۆیان بەدەستی خۆیان دەدووری، ئافرەتانی خەڵکی دارەشەکران لەسەردەمی کۆندا جلکەنیان

---

[٧١] چاوپێکەوتن لەگەڵ وجیە حەسەن عەلی ، بەرواری ٢٠٢٣/٢/٢ .

[٧٢] ڕانک و چۆغە (چۆخە) : قوماشێکە بە ڕەنگی خورمایی یان ڕەنگی دیکە ، بەری قوماشەکە تەسکە و زۆر گرانە پیاوەکان ڕانک چۆغە بە سەرچاوەیەکی ڕەسەن دادەنێن. محمەد ڕزگار، گەورەترین ئەینسکلۆپیدیای کوردی ، بەرواری٢٢ /٢٠٢٢/٤ ، ل٢ .

[٧٣] چاوپێکەوتن لەگەل شوان کەریم ئاغا خەلکی گوندی ڕەشوان یوسف بەرواری ٢٠٢٣/١/٢٧ (ناوی تەواوی شوان کەریم محمد سادق خەلکی گوندی (ڕەشوان یوسف)ە لە ساڵی (١٩٧٢ز) لە هەولێر لە دایکبووە ، بڕوانامەی ئامادەیی بەدەست هێناوە وە ئێستاش کاندیدی لایەنی سیاسی لیستی (پارتی دیموکراتی کوردستان)ە لە پەرلەمانی کوردستان لەسالی ٢٠١٨ .

[٧٤] شوان کەریم سادق ، سەرچاوەی پێشوو، ل١ .

[٧٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ وجیە حەسەن عەلی، بەرواری ٢٠٢٣/٢/٨.

بریتی بوو لە (کراسی کوردی و چارۆگ[٧٦] و بەران پێنج بوو) بووە، بەلاَم لە گوندی خۆیان بەرگدوورێکی ژن یاخود بە دوو سێ گوند بەرگدرووێکیان هەبووە .

## ــزێڕ و زیو کولتوورێکی ڕەسەنی کوردەواری لەناوچەی ناحیەی دارەشەکران :

لەناوچەی دارەشەکران سەردەمی پێشوو زێڕو زیو هەبووە خەڵکەکە ئەگەر توانای هەبووایە زێر و زیویان بۆ بووک دەکڕی. ئەوکات (زێڕ ، زیو ، گوستیلە ، خەناوکە ، گەردەن لغ ، بازن ، خڕخاڵ...هتد) هەبووە،هەندێکیش لەبەر هەژاری توانای کڕینی و زێر و زیویان نەبووە. دروایش ئەوکات دەرهەم بووە، کورد زێڕ و زیو بۆ جوانکاری بە دروستکردنی خەنجەر و شمشێر و تیرکەوان و قەڵخان و تاجە بەکارهێناوە،هەروەها بۆ چەندین بواری تر بەکارهێناوە [٧٧].

### شەشەم : ئافرەت:

## أ‌ــ ڕۆڵی ئافرەتانی ناوچەی ناحیەی دارەشەکران :

پایەی ئافرەت لە کوزدستان زۆر لە پلەوپایەی ئافرەت لە تورکیا و ئێران بەرزترە، مەبەستم لێردا ئەوەیە، کە مێردەکانیان بە چاوێکی یەکسانی تەماشای یەکتریان دەکرد و گاڵتە بەدەستە پاچەیی و چۆکدادانی تورک دەکەن ڕقیشیان لێیان دەبێتەوە، ئافرتاتی ناوچەی دارەشەکران ڕۆلێکی بەرچاویان شان بە شانی پیاوان هەبوو، وەکو بێری کردن، چێشت لێنان، مەشک هەژاندن، ئاوهێنان، منداڵ بەخوێوکردن ....هتد). ئافرەتانی ناوچەی دارەشەکران وەکو ئافرەتانی دیکەی کوردستان کاری قوڕس و گرانیان لەسەر شان بووە هەر لە بێرکردن تا چێشت لێنان و پەروەردەکردنی منداڵ و دواتر دروینەکردن و گیشە کردن  بۆیە هەموو ئەو کارە قورڕسانە وا دەکات ژنی گوند لە کوردستان لە پێناو پیاو و ماڵ و منداڵەکانیان بە زوویی تەندروستی و جوانیان لە دەست بدەن. بۆیە ژنی کورد شایستەی ڕێز و شانازییەکی زۆرە ژنانی کورد و چوست و چاڵاک وزیرەک و بە توانان بە جۆرێک شان بەشانی پیاو کاروباری ناو ماڵ و دەرەوەیان ئەنجامداوە تاوەکو بە تێری وسەربەزی بژین و

---

[٧٦](چارۆک) : ئەو قوماشەیە کە ئافرەت بەسەر شانی خۆیان دائەدەن وە چوارگۆشیە ئافرەتان دەیگرنە کۆلیان. فەرهەنگی خاڵ ، تۆڕی زانیاری پارێزراوی وشەدان ، ل ١.

[٧٧]عەلی کەندی، کەلتوری لادێ کورتە شیکردنەوەیەک لە بواری کەلتوری لادێکانی کوردستان ،ل ل١٣٤ ١٣٦.

دەست لۆ کەس پان نەکەنەوە بۆیە ئافرەت هەر لە ئێواران لەبەر ماندوویەتی زوو دەنوستن و بەیانیانیش زوو لەخەو هەڵدەستان و دەستیان دەکرد بە ئەنجامدانی کارو باری ناومالْ(٧٨) .

لە دارەشەکران زۆربەی زۆری ئیش و کار لەسەر شانی ئافرەت بوو ،ئافرەت دەبا جگە لە پەروەردەکردنی منداڵ، خەریکی بەخوێوکردنی مانگا و مەڕ و ماڵات بوو، ماست و پەنیری دروست دەکرد، منداڵی پاک دەکردەوە، هەروەها لە دروینەکردن ئافرەت یارمەتی پیاوی دەدا، پیاو دروینەی دەکرد و ئافرەتیش (جیشە)ی کۆ دەکردەوە، ئافرەت لەهەمان کاتدا (چێشت)ی بەدار لێ دەنا، هەروەها ئافرەت جل و بەرگی بە (دەرزی و داو) دەروورییەو ، چونکە لەسەردەمی ڕابڕدوو مەکینەی درووماں نەبووە(٧٩).

## ب_ ئافرەتان لە بواری دەست ڕەنگینی :

ئافرەتانی کۆمەلگای کوردەواری بە گشتی و دارەشەکران بەتایبەتی بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانیان قۆلیان لە کارەکان هەڵماڵیەوە هەموو ئەو ماندوو بوون و شەونخونەشیان بۆ ئەوە بووە کە پێداویستیەکانیان پڕبکەنەوە ، گرنگترین ئەو کارانەش کە کردوویانە ڕست و چنین بووە تایبەت لەناو ڕەوەند و کۆچەریەکان کە پیشەکی کۆنە و مێژووییەکی دوور و درێژی هەیە وەکو دروستکردنی ڕایەخ و مافوور و ڕەشماڵ و گۆرەوی و بەلەک پێچ و لیفکە و بەر لانکی منداڵان و ڕستنی مووی بزن (بە تایبەت بزنە مەرەز) بۆ ڕستنی کر بۆ دروستکردنی جلک و بەرگی پیاوان ،لەناوچەی دارەشەکران لە گوندی (کودەریان) و (ڕەشوان نورۆ) دەزگای ڕست و چنین هەبووە ، خوری و موویان دەڕست و دواتر بە (ڕووناس) کە وەکو (خڕنووکە) لێیان دەدا تاوەکو (کر)پێ سپی نەبێتەوە دواتر کفر و ڕەنگیان دەکرد(مافوور و بەڕە و جامیشیان)

بە ماوەی مانگێک دروستکردووە، لە گوندی (زەرواو) ئەگەر چی دەزگای تەون نەبووە، بەڵام ئافرەتان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان (گوریس و لیفکە و دۆخینیان) دروستکردووە و تەشیان ڕستووە ،جووەکانی (کودەریان) کاری بەرگدووری و ڕست و چنیان کردووە بۆیە ڕانک و چۆغەریان بۆ ئەندامانی هۆزی سورچی و هەرکی درووییە ، جووەکانی(زەرزا) زیاتر کاری ڕەنگکردنی(قوماش)یان کردووە، بۆیە خەڵکی گوندیش ژیان و ئاسایشیان پاراستبون و جێگە و

(٧٨)کرێکار عبدلرحمن عەزیز ، مێژووی هۆزی زراری.

(٧٩)چاوپێکەوتن لەگەڵ وجیە حەسەن عەلی ، بەرواری ٢٠٢٣/٢/٨ .

ڕێگایان پێ داون. لە گوندی (قەپەکیان) (موشێ) و (ڕەحمۆک) جوو تەونیان هەبوو جۆلاییان دەکرد ،بازاریان باش (بەرهەمێن) بوو ،لەناوچەی دارەشەکران بەتایبەت لە گوندی (قەپەکیان) جووەکان (خم خانەیان) هەبووە ،لەگوندی (زەرگە زەوی) (ستی مەلا سالح) دەزگای هەبووە (مافوور ، بەڕە ، تێری) دروستکردووە[٨٠].

## حەفتەم : بارودۆخی تەندروستی :

-**بەیتار** : بەیتاریی لە کۆنەوە پیشەیەکی گرنگ بووە، پێویستی کۆمەڵگای کوردەواری بووە لە ناوچەی دارەشەکران، ئەوکەسەی دەبووە بەیتار ئەم کارەی لە باوک و باپیران پشتاو پشت بۆ دەمایەوە، یاخود ئەو کەسە خەریکی ئاژەڵداری بووە لە ئەنجامی چارەسەرکردنی ئاژەڵەکانی فێری بەیتاری بووە. زۆربەی ئەوکەسانەی ئەو کارە دەکەن کەسانی بەتەمەنن. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شارەزاییەی هەیانە،لە هەمان کاتیشدا دەبێت ئەوانەی ئەو کارە دەکەن کەسانی خاوەن هێز و بەتوانابن،چونکە هێنانەوەی لە جێچوون و شکان و شێلان پێویستی بەهێزی زۆر هەیە. هەروەها بەهۆی نەبوونی نەخۆشخانە لە ناوچەی دارەشەکران و خراپی هۆیەکانی گواستنەوە و دووریان لە شارەکان کە زەحمەت دەگەیشتن بە نەخۆشخانەی شار، ئەمەش وایکردووە خەڵکی گوندهکانی ناوچەی دارەشەکران و زورجاریش شارەکان بۆ چارەسەری نهخۆشی و چاککردنەوەی شکان و لە جێچوون پەنا ببنە بەر بەیتارەکان، بەیتارەکەنیش هیچ پاداشتیکیشیان وەرنەدەگرت، بەڵام کەسە کە خۆی قەندە شەکر یاخود مریشک یان هێلکە یاخود ئاژەڵێکی بە دیاری پێ دەدا. هەندێکجاریش پارهیان دەدا لە گرنگترین بەیتارەکانی ناوچەی دارەشەکران بەشێوەیەکی گشتی بریتی بوون لە :

### ١- گوندی باوەخەڵان :

-خەلیل حاجی ڕۆستەم، شەهاب ئەحمەد عەلی، ڕەسول خورشید ڕەسول، حاجی زەکیە عەباس شێخان تەمرخان[٨١].

### - گوندی چرە :

-_ئەحمەد موستەفا،- ئەحمەد ڕەسوڵ، ڕەسوڵ دیاب(بەیتاری ئاژەڵ بووە)

---

[٨٠] کرێکار عبدلرحمن عەزیز ، مێژووی هۆزی زراری ، ل ل٥١١ ، ٥١٢ ،٥١٣ ، ٥١٤ .

[٨١] چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەشید مامل سەلیم ، بەرواری ٢٠٢٣/٢/٢٣ .

**٣- گوندی زەرگەزەوی :**

_حاجی مستەفا عومەر، حاجی فەتاح مستەفا، سالّح حوسێن، حاجی ئەحمەد .

**٤- گوندی خالّوان :**

_ سەید عەزیز :ناوک دەهێنێتەوە لە ژیان ماوە

**٥- گوندی ڕەشوان نورۆ :**

_فارس ڕەشید[٨٢].

**_حەکیم :**

جاران کە پزیشک و نەخۆشخانە نەبوون، خەلّکی ناوچەی دارەشەکران بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانیان پەنەیان بردووەتە بەر (حەکیم)، حەکیمیش ئەو کەسە بوو بە هۆی خوێندنەوەی پەرتووکی بژیشکی و ئەزموونی خۆی لە بواری چارەسەری شارەزاییەکی باشی بزیشکی بوو ،گژوگیایی پزیشکی و بەرهەمی ئاژەلّی وەکو بەز و دونگ بۆ (دەرکردنی کێم و التابات) ،کاتێک کەسێک بریندار دەبوو بۆ ئەوەی برینکەی چاک ببێتەوە و خوێنکەی ڕابگرێت بۆ بە تیغیک لە ناو ئاگر سوریان دەکردەوە برینەکەیان پێ داغ دەکرد بۆ ئەوەی خوێن بەر بوونەکە ڕابگرێت و برینەکە چاک ببێتەوە ،یاخود بۆ چارەسەکردنی سووتان، سەرەتا برینەکەیان بە سماق خاوێن دەکردەوە، دواتریش بە تەنها چەند زەردێنەی هێلکەیان لەناو دەسووتاند تاوەکو دەبووە خۆلّەمێشی هێلکە، دواتریش لەسەر برینەکەیان دادانا بە پارچە پەڕۆیەکی سپی خاوێن دەیان بەستەوە و چارەسەریان دەکرد. شایەنی باسە لە گوندەکانی سەر بەناوچەی دارەشەکران حەکیم کەم بوو لە گوندی (ڕەشوان یوسف) کەسێک بەناوی (حاجی عەبدوللّا) پێیان دەوت (حەکیم)، بۆ دەستکەوتنی گژوگیای پزیشکی شەوانی بەهاران دەچووە ئاقاری لەبەرئەوەی دەرمانی گیایی لە وەرزی بەهاران و بە شەو شەوق و ڕووناکی دەداتەوە، بۆیە گیایەکەی دەهێنایەوە و وشکی دەکردەوە ،دواتر لەگەلّ مەرهەرمی ڕەش و زەرد تێکەلّی دەکرد و بەکاریدەهێنا[٨٣].لە گوندی (کودەریان) ژێنکی جوو بەناوی (وەردێ) حەکیم بوو

[٨٢]کرێکار عبدالرحمن عەزیز ، مێژووی هۆزی زراری ، ل ٤٩٠ .
[٨٣]کرێکار عبدالرحمن عەزیز ، مێژووی هۆزی زراری ، ل٤٩٢، ٤٩٣، ٣٩٤ .

،وە لەگوندی (زەرگەزەوی) غەزاڵ (غەزاڵ مەلا ڕەسوڵ) حەکیم بووە تەنها سوتانی چارەسەر دەکرد[٨٤].

– **مامانیی:** مامانیی بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی یەکێکە لە پیشە پیرۆزەکان، لە گوندەکانی سەر بە ناوچەی دارەشەکران، بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزاری و تەندروستی ئافرەتان کارەکەیان ئەنجامداوە. مامانی ناوچەی دارەشەکران بریتین لە:

### ١- گوندی باوەخەڵان :

_عائیشەی خێزانی ئیبراهیم ئەحمد، زەینەب ئەحمەد خێزانی میر عەزیز وەلی،- نەجیبە عبدالله خێزانی ڕەحمان حەکیمە ئینجازەی مامانی هەبووە.

### ٢- گوندی چەمەپەگەز :

١- پلکە مسری خان .

### ٣- گوندی زەرگەزەوی :

-جەواهیر (جەوێ) حوسێن مامل،-ستی عەلی مریەم ئەحمەد، کەزێ ڕەش .

### گوندی قەرەقاجین :

_سافی میرزا خدر، زارێ هەباس (عەباس) خدر، ئامینە حوسێن سلێمان [٨٥].

[٨٤]چاوپێکەوتن لەگەڵ شوان کەریم ئاغا ، بەرواری ٢٠٢٣/١/٢٧ .
[٨٥]کرێکار عبدالرحمن عەزیز ، مێژووی هۆزی زراری ، ل ل ٤٩٤ ، ٤٩٥ ، ٤٩٦ .

## تەوەرەی سێیەم : باروودۆخی ئابووری ناحیەی دارەشەكران :

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا دەبینین لەسەر ئاستی كۆمەڵگە و دەوڵەت توانای ئابووری پێگە و هێزت پێدەبەخشێت، هەروەكو (شاپوور) ی پاشایی ساسانی وتوویەتی : بۆ ئەوەی دەوڵەتێكی بەهێزت هەبێت دەبێ سوپایەكی بەهێزت هەبێت ، بۆ ئەوەی سوپایەكی بەهێزیشت هەبێت دەبێ كشتوكاڵت هەبێت كەواتە پێشكەوتنی هەر ناوچە و دەوڵەتێك بەندە بەتوانا ئابوورییەكەی، هەروەها **"كوردستان دەبێتە سفرەكی ڕازەوە بۆ ناوچەكە"**، ئەگەر بێتوو ئەقڵ و بیر و خەمخۆرێكی باش بە تەكنەلەجۆیای پێشكەتوو ئیدارەرەی كوردستان بدات، جا ئەگەر ئاوهەوا و خاك لەبار بێت ئەوە دەبێت بڵێین خواوەند بەرەكەتی پێ بەخشیوین پاڕانەوەكەی نوح (علیه السلام)ی قەبووڵ كردووە و كوردستان پڕ خێرو بەرەكەت كراوە(٨٦) .

## باسی یەكەم : كشتوكاڵ :

دارەشەكران ئاو هەوا و خاكەكەی یەكجار لەبارە بۆ كشتوكاڵكردن، لە وەرزی چاندنی زستانە و هاوینەدا زۆربەی خاكی ناوچەكە دەكرێتە كشتوكاڵ. ناوچەی دارەشەكران دەكەوێتە هێڵی باكور بارانبارین واتا ساڵانە لە وەرزی زستان و بەهاردا زیاتر (٤٠٠ملم) باران دەبارێت ، كەش هەوایەكی مامناوەندی هەیە لە زستاندا ساردا و لە هاویندا بەڕۆژ گەرمە و لە شەواندا فێنكە، وێڕای ئەوەش ناوچەیەكی نیمچە شاخاوییە و زەوی بەراو بەپیتی هەیە، ئەمەش لە ئەنجامی هەبوونی چەندین كانی و كانیاو، ئەو گوندانەی دەكەونە سەر زێی گەورە زەوی بە پیتە، بۆیە ناوچەیەكی گونجاو و لەبارە بۆ بەرهەم هێنانی هەمە جۆرە میوە و سەوزە و دانەوێڵەیەك، تەنانەت هەندێك لەبەرهەمەكانی بە پلەی نایاب لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر هەژماردەكرێن وەكو هەنار و هەنجیری گوندی (چرە) و (تووە) برنجی گوندی (زەرگەزەوی ، هەروەها ئەو بەرەبوومانەی پێویستیان بە بڕێكی ئاوی باران زۆر هەیە لەو وەرزەدا دەچێندرێت. بەربوومەكان بریتین لە (گەنم ، جۆ ، نۆك) ئەم بڕە بارانە كاریگەری لەسەر جۆری چاندنی ئەو بەربوومانە هەیە ، هەروەها لە وەرزی هاوینە ڕێژەی باران بارین كەمە بەجۆرێك سەرجەم باران بارینی ساڵانە لەوەرزی هاویندا ڕێژەكە ناگاتە (٢)ملم، ئەمەش هۆكارێكە بۆ ئەوەی شێوازی كشتوكاڵ لە وەرزی هاویندا پشت بە ئاوی بیر و پڕۆژە ئاودێرییەكان ببەستێت بۆ ئاودانی (مەڕەشە) كردنی بەرەبوومە كشتوكالیەكان(٨٧) .

### أ_بەروبوومە كشتوكاڵییەكان :

---

(٨٦) كرێكار عبدلرحمن عەزیز ، مێژووی هۆزی زراری ، ل٤٤٦ .

(٨٧)عەلی كەندی ، كەلتووری لادێ ، كورتە شیكردنەوەیەك لە بواری كەلتوری لادێكانی كوردستان ، چاپی یەكەم(٢٠١٤) ، چاپخانەی حاجی هاشم هەولێر ، ل ل٧٨ ، ٧٩ .

**١- گەنم** :- هۆکارە مرۆییەکان کاریگەری هەیە لەسەر بڕو جۆری بەرهەمی گەنم ، چونکە هۆرکارە مرۆییەکان گۆڕانکاری خێرایان بەسەر دادێت بەهۆی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆجی . گەنم ئەوەیان لەنێو بەرهەمەکانی دیکەدا زۆرتر دەچێندرێت بە ئاسایشی خۆراکیش ناوزەند دەکرێت کەم بوونی بڕەکەشی ولات بەرەو باردۆخێکی ترسناک دەبات بەمەش خەڵک تووشی برسیەتی و نەهامەتی دەبن بۆیە دەبێت بە چاندنی بکەین داهێنانی تێدا بکەین تا بەرەبووم فرە جۆر و پر خەرمان و بەرەکەت بێ جا دانەوێلە چاندن وەکو کار و پێشەیەک سەیر بکرێت ، چونکە حوکمەت بە پارەیەکی باش بەرهەمەکانی جوتیارەکان دەکرێتەوە ئەگەر هاتوو بەرهەمەکەیان بەدەرەجەکی باش دەربچێرێت ، وە ئەمەش جۆرێکە لە هاندانی جوتیار کە بە زیادەوە نانی دەستی خۆیان ودەخۆن ،بەڵام ئێستا بەهۆی خراپی پەیوەندی سیاسی و سەربازی و ئابووری هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی لە بەغداد جوتیار زیانی بەرکەوتووە پارەی چەند ساڵێکی بەهەمی گەنمی خۆیان کە حکومەت فرۆشتووە وەرنەگرتووە گەنم لە وەرزی پایز دەچێندرێت . دەست دەکەین بەچاندنی گەنم ، هەروەها باران زۆر ببارێت پێی دەلێن (پەرە)، دواتر دەست دەکەن بەچاندنی گەنم ، هەروەها لە مانگی دوو دەرمان (گیا) لێدەدەن پێشتر دەرمان گیا نەبوو بەس ئێستا لە دەغل و دان دەدەن وە جارێکی تر سەماوە (چێمیا) پێوەردەکەن . وە مانگی شەش دەست دەکەن بەدروینە کردن ، زۆربەی زۆر پشت بە باران دەبەستن وە هندکیش (مرەشە) بیری ئیتوازی دەبەستن .

**٢- جۆ:-** زۆربەی هەرەزۆری خەلکی دارەشەکران بەشێوەیەکی گشتی گەنم جۆ دەچینن . هەروەها جۆ زووتر پێ دەگات ئاویشی کەمی پێویستە وە مانگی پێنج (جۆ) زەردەبێت . بەس گەنم درەنگتر زەردەبێت، هەروەها خەلکەکە پێشتر جۆ بۆ خواردنی خۆشیان بەکاردەهێنا بەس ئێستا جۆ لۆ مەڕو ماڵات بەکاردێنن[٨٨].

---

گرنگترین ئەم هۆکارانەی کار دەکەنە سەر بەرهەمهێنانی گەنم ئەمانەن :-

**أ- دەستی کار:-** یەکێکە لەو هۆکارە مرۆیيانەی کاریگەری هەیە لەسەر بەرهەمی کشتوکاڵ لەو ناوچانەی کە مرۆڤ پشتی پێ دەبەستێ بە فاکتەری بنەڕەتی دادەندرێ بۆ کاری کشتۆکاڵی ، بەڵام ل کاتیە ئێستادا پشکەوتنی تەکنەلۆژیا گرنگی دەستی کار کەمی کردۆتەوە ، بەهۆی بەکارهێنانی ئامێرە پێشکەوتووەکانی ئامێرە کشتوکاڵ لە جێی دەستی کار ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەستی کار بە گرنتگرین فکتری مرۆیی دادەندرێ لە بەرهەم هێنانی کشتوکاڵی[٨٩].

---

[٨٨] وجیە حەسەن عەلی ، خەڵکی گوندی باوەخەڵان ، بەرنامەی میوانی ناوەخت ، بەرواری٢٠٢٣/١/٢١

[٨٩] عەزیز قادر عەزیز ، شیکردنەوەییەکی جوگرافی بۆ بەهەمی گەنم لە قەزای خەبات لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٨ _٢٠١٨) ، هەولێر زانکۆی سەلاحەدین ، کۆلێژی ئاداب ، ٢٠١٩-٢٠٢٠ ، ل٢١ .

## ب- ئاووهەوای ناوچەی دارەشەکران :

بۆ دیاریکردنی لایەنی جوگرافی و ئاوهەوا و خاک و بڕی باران و دیاریکردنی دیکە جوگرافی ناوچەی دارەشەکران پشتیان بە ئامارەکانی سنوری پارێزگای هەولێر بەستووە ، سنووری ناوچەی دارەشەکران بەشێوەیەکی گشتی وەک بەشێک لە پارێزگای هەولێر بۆیە دەتوانین بلێین ناوچەی دارەشەکران بەشێوەیەکی گشتی دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی (١١تا٣٦) هێلی درێژ (٢ تا ٤٢) بەرەو ڕۆژهەڵات ،پلەی گەرما لە وەزی زستاندا نزم دەبێتەوە لە هاوینیشدا مامناوەندە ،بارانیش لە نیوەی زستانی ساڵ چڕ دەبێتەوە و بڕێکی کەمیش بەفر لێ دەبارێ .

## ٢- جۆری خاکی ناوچەی دارەشەکران :

بۆ دیاریکردن و نوسینی جۆری خاکیش لە سنووری ناوچەی دارەشەکران بەشێوەیەکی گشتی سوودمان لە گشتاندن (تعمیم) پارێزگای هەولێر وەرگرتووە ناوچەی دارەشەکران دەکەوێتە ناوچەی شەپۆلە بەردییەکان نزمەکان ، بەشێوەیەکی گشتی ناوچەی دارەشەکران ناوچەیەکی بە پیت و بەرەکەتە بۆ چاندنی هەموو جۆرە بەروبومێکی کشتوکاڵی دانەوێڵە و پاقلەمەنی میوا و سەوزە[٩٠].

### - بیر :

بیر یەکێکە لە شێوازە هەرە دێرینەکانی دەرهێنانی ئاو لە کوردستاندا ،بەتایبەتی لەو گوندانەی کە ئاوی سەر زەوی بە تایبەت کانی و چۆم و ڕووباریان کەمە بۆیە پڕکردنەوەی پێداویستیەکانیان پەنایان بردۆتە بە بیر لێدان ،شایەنی باسە زۆربەی زۆری گوندەکانی سەر بە ناوچەی دارەشەکران کە سەرچاوەی ئاوی شیرنیان نەبووە بە تایبەت کانی بۆ پەیداکردنی ئاوی خاوێن پشتیان بە لێدانی بیر بەستووە دوای (١ تاوەکو ٢مەتر) ئاوی شیرینیان دەستکەوتووە ئەویش بەهۆی بوونی ڕووباری بەستۆرە ،شایەنی باسە (شوان کەریم ئاغا) دانیشتووی گوندی (ڕەشوان یوسف) دەڵێت : (ڕەشوان یوسف) یەکێک بوو لە گوندانەی کانی نەبووە بەردەوام کێشەی بێ ئاویان هەبووە بۆیە پشتیان بە ئاوی بیر دەبەست دوای (١ – ٢ مەتر) ئاو دەهات خەڵک سودیان لێ وەردەگرت ،دەڵێت ئاوی (ڕەشوان یوسف) هەندێک قورسە ،زۆرجاریش ئاژەڵی (جورج و پشیلە...هتد) دەکەوتنە ناو بیر و خەڵکی دوورچاری نەخۆشی دەبوون ، گوندەکانی دارەشەکران دەو بەستۆرە ڕێژەی ئاوی ژێر زەوی زۆرە ،بەڵام گوندەکانی (بنبێرەک) بەتایبەت گوندی (باوەخەلان ، زەرگەزەوی) ڕێژەی ئاوی ژێر زەوی کەمە زۆر درەنگ دەگاتە ئاو ،بۆیە ئەو گوندانەی (بنبێرەک) بەردەوام کێشەی کەم ئاویان

---

[٩٠] کرێکار عبدلرحمن عەزیز ، مێژووی هۆزی زراری ، ل ل ١٢٣ ، ١٢٤ .

هەیە ،بۆیە خەڵکی گوندەکانی سەر بە ناوچەی دارەشەکران بەشێوەیەکی گشتی پشتیان بە ئاوی بیر بەستووە[٩١].

## ز/ باران :

باران بارین کە کاردە کاتە سەرچالاکی کشتوکاڵی بە گشتی و بە تایبەتی بەرهەمی گەنم، هەروەها کاریگەری بەهێزی هەیە لە سەرجیاوازی بەروبومی کشتوکاڵی گەنم لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی تر، ئەویش بەپشت بەستن بە دابەش بونی وەرزی ساڵانەی باران بارین، وە چە ندیتی سود وەرگرتنی بەروبومی گەنم لە باران و زستان و بەهار دادەباریت، بری باران بارین بەشێوەیەکی گشتی لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر دەگۆرێت و بڕی باران کاریگەری دەبێت لەسەر توانا کشتوکالیەکانی گەنم و دەبێتە هۆی زیاد کردنی.

## _شێوازی دروێنە کردن :

لەسەردەمانی زوودا بەهۆی نەبوونی ئامێری پێشکەوتووی کشتوکڵی ۆ چاندن و دروێنەکردن ، بۆیە خەڵکی ناچار بوو بۆ دروێنە کردنی بەروبوومەکانی پشت بە دەست و هێزوو توانای خۆیان ببەستێت ، ئەمە کۆسپ و تەگەرەی بۆ جوتیار دروست دەکرد هەر لە کاتی کێڵانی زەویەکانیان پشتیان بە ئاژەڵ وەکو (گا و ئێستر و هندێکجار گویَ درێژ) دەبەست کە کاتێکی زۆری دەویست و برێکی کەمیش زەوی پێدەکلێلدرا ، لە سەرەتا بە گوێدرێژ بوو ، ماڵی (حاجی مەحیەدین)بە گوێدرێژ و ڕەشەوڵاغیش جووتیان کردووە ،بەڵام دواتر (حاجی عەزیز خرابە دراوی) دەڕاسەی کڕی هەم کێڵان و دروێنە کردن بە ئامێر دەکرا ئەمەش وایکرد زەوی چاندن و بەرهەم زۆربێت (٢) لایەکی دیکەوە بۆ دروێنەکردن پشت بەدەست هێز و بازووی خۆیان دەبەسترا لە کاتی دروێنە کردن خەڵکی گوند بە هەرەوەزی (زبارە) هەر ڕۆژە و گەنمی ماڵێکیان دروێنە دەکرد جا ئەو خێزانەی دەوڵەمەندبوون ئاژەڵێکی سەردەبڕی خواردنێکی زۆری لێدەنا ، بەڵام ئەوانەی هەژار بوون زیاتر ساوار و گەنم و ماش و نیسک و دۆ یان دەخوارد خەڵکیش بۆ ئەوەی خۆیان لە تینی گەرما بپارێزن (کڵاو و پەستەکی) لەبەر دەکرد یەکێکیش کە دەنگی لە هەموویان خۆشتر بوو دەبووە هونەرمەندی ئەو دروێنەکردنە ئەو دیوەت (هەر دروونە دروونە دەسکیَ داسێم بەڕوونە......هتد) ئەوانیش لە دوویان دەوتووە، ئەوەی داسی لە دەست بوو گەنمی دەروورییەوە پێی دەوترن (سەرپار) ئەوانەی کە گەنم و جۆیان کۆدەکردەوە پێیان دەوت (گیشگەر) جا زیاتر ژنان (گیشەکەر) بوون واتا کاری کۆکردنەوەی گەنمیان ئەنجامدەدا ئەو کەلوپەلانەشی کە بەکاریان دەهێنان بۆ دروونە کردن بریتی وو بوون (داس و قەیناغ) دوو جۆر بوو یەکێکیان لە ئاسن دروستدەکرا ، جۆرەکەی دیکە لە پێستە دروست دەکرا ، هەسانیش کە بەردێکی ڕەق بوو ڕوونی ئاژەڵ یان تەنەکەیان لێدەدا داسەکانیان پیَ

---

[٩١] چاوپێکەوتن لەگەڵ شوان کەریم ئاغا ، بەرواری ٢٠٢٣/١/٢٧ .

تیژ دەکردەوە ، هەموو کەلوپەللانەشیان لە شاری هەولێر دەکڕی ، هەندیکیشیان لەناوی خۆشناوەتی بۆیان هاتووە کە لە دار گوێز دروستکراوە [٩٢].

شایەنی باسە (ڕەشید مامل سەلیم) دەڵێت: بۆ درویێنەکردن لەساڵی (١٩٦٠_١٩٧٠) ئەو ئامێرە پێشکەوتنانە نەبوون ، خەڵکەکە هێشتا ترسیان لە دلی مابۆوە لە لایەن ڕژێمی بەعس، هەروەها خزمەتگوزارییەکان نەبوون وەکو (ڕێگا ، قوتابخانە ، دامەزراوەی کشتوکاڵ)، بۆیە خەڵکەکە بەدەستی دروینەیان دەکرد سەرەتا (گەنم) لە کۆتایی وشک دەبوو خەڵکەکە دەستی یان دەکرد بە دروینەکردن ،دواتر (جیش)ـە کۆدەکراوەیەوە لە لایەن ئافرەت ،وە (شەغرە ، جەنجەر) لەسەردەمی ڕابرِدوو هەبوو، لەو گوندانەی دارەشەکران (دەڕاسە) نەبوو تا کۆتایی ساڵانی (١٩٧٨_١٩٧٩)، (دەڕاسە) لەلایەن کەرتی کشتوکاڵ گوند بە گوند شار بەشار..هتد دەگەڕان . لە گوندەکان درویێنەیان دەکرد، بەڵام (٩٥%) کێشەی دروینەکردن چارەسەر کرا. لە پێناو ئەو پێشکەوتووانە ،هەروەها سەردەمی ڕابردوو بەیەک کەس دروینە نەدەکرا ،بڵکو بەچەند کەسێک دروینەیان دەکرد.

## باسی دووەم/ ئاژەڵداری :

بە خێوکردنی سامانی ئاژەڵ پیشەیەکە تەواوکەری کشتوکاڵە و پەیوەستن بەیەکترەوە ،ناکرێ یەکێکیان لە ئەوی تر داببڕێت ،هەروەها ناوچەی (سهوب) کە خاوەنی لە وەرگای شێدارە دەکەوێتە خوارووی ناوچە شاخاویەکان لە برزایی (٣٠٠_٥٠٠) لەسەر ئاستی دەریا کە بڕی باران لەنێوان (٣٥٠_٥٠٠)ملم دایە ڕووبەرێکی بەر فراوانی ناوچەکە دادەپۆشێ لە ئەنجامی ئەو بارانە زۆرە خاکەکەی بە بەرهەمی گەنم و جۆ دەچێندرێت دەبێتە لە وەرگەیەکی باش بۆ لە وەڕاندنی ئاژەڵ بۆیە زۆرینەی کوردان بەو کارە خەریک بوونە کاری سەرکیشیان بووە خەلکی دارەشەکران بەشێوەیەکی گشتی بۆتە پیشەیەکی سەرەکیان لە ڕابردوو و ئێستا، هەروەها ئەم ناوچەیە چونکە نیمە شاخاوییە لە وەرگایەکی زۆر باشی هەیە گرنگترین لە وەرگا زورگی غەیب (شێخ محمد) ، دارەشەکران کەندو لەندی(مامخالان) و چیایی( بێرەک ) ڕووەک و گژووگیایی خۆرسکی جوراوجۆری تێدایە بێگومان سەرچاوەیەکی گرنگی بەخێوکردنی ئاژەڵە ، بۆیە بە ئەو ناوچەیە بەناوچەیەکی گرنگ و گونجاو دەژمێردرێت بۆ لە وەڕاندنی ئاژەڵ ،هەروەها ڕۆژانە بەرهەمەکانی ئەم ناوچەیە بە پیت و سودبەخشە کەلێنێکی گەورە لە باژێرەکانی هەولێر پڕ دەکاتەوە بە ماست و قەیماغ و لۆر و پەنیر و گۆشتی سور بە تایبەتی باژێرەکانی تەیراوە و مزگەوتی سپی [٩٣].

---

[٩٢] کرێکار عبدلرحمن ، مێژووی هۆزی زراری ، ل٤٤٨ .

[٩٣] کرێکار عبدلرحمن عەزیز ، مێژووی هۆزی زراری ، ل٤٥٩ .

**_ ئەو جۆرە ئاژەڵانەی کە لەناو چەی دارەشەکران بەشێوەکی گشتی بە خێو دەکران ئەمانەن :**

**١/ مەڕ:**

**أ/ مەڕی کوردی:** نەژادی (پەلەسۆر) لە شیان مامناوەندیە ڕەنگیان سۆری تۆخە، گەردەنیان خورمایی کراوەیە کەللەیان درێژە لموزیان گەورە و باریکە، گوێچکەیان قیتە. بەرانەکەیان بێ قۆچن گەردەنیان بڵندە، قیت بەڕێوە دەڕۆن، سەریان مامناوەندییە ئەندامی لە شیان ڕێک و پێکە. نەژادی کوردی هەموو جۆرە چەوریەکەی لە دونگەکەی خڕ دەبێتەوە دونگەکەیان لە سێ چین پێک دێت چینی سێیەم بە کلک کۆتایی دێت .

**ب/ مەڕی عەواسی** : دونگەکەی لە دوو چین پێک دێت خوریەکەی لە مەڕی کوردی نەرمترە شیری لە مەڕی کوردی کەمترە ،بەڵام چەورترە هەندێکیان ساڵی دووجار زاوێ دەکەن زۆربەی چەوری لە ماسولکەکانی کۆدەبێتەوە گۆشتی لە مەڕی کوردی خۆشترە.

**ج/ مەڕی حەمدانی** : ئەمەیان لە کوردستان زۆر کەمە لە ڕووی خوری و گۆشتەکەی زۆر جیاوازە .

٢/ **بزن** : لە سەرانسەری کوردستان بەخێودەکرێ لە ژینگە وشک بەرزە لەو ناوچانەی کە کورتە گیایی هەیە زیاتر دەژین گرنگترین جۆرەکانی بزن :

أ/ **بزنی ئاسایی** : ئەمانە لە ناوچە شاخاویەکان بەخێو دەکرێن مویی خورمایی و سپی لاشەکەی داپۆشراوە بەرهەمی ساڵانەی (٥٠٠_١٠٠٠) دەبێ گۆشتی چەورە هەرسکردنی زەحمەتە بۆیە گۆشتی بزن لە هی مەڕ و کاوڕ هەرزانترە .

**ب/ بزنی مەرەزی :** ئەمەیان ڕەنگی مەیلەو خەنەیی تێکەڵاوە، هەربزنێک ساڵانە یەک کیلۆ مووی دەدات مووەکەی تا ڕادەیەک نەرمە هەندێکجار بۆ دروستکردنی ڕایەخ لەگەڵ خوری تێکەڵ دەکرێ .

**ج/ بزنی مەرەز :** جوانترین بزنی کوردستانە لە مووەکەی جلک و کری لێدەچێنرێ، بەڵام لە ناوچەکەدا بەخێو ناکرێ .

د/ بزنی ئاسایی : لە ئەنجامی جووتبوونی بزنی ئاسایی پەیدا دەبێت لەش گەورەیە شیر زۆر دەدات ماسولکەکان نەرمە لەبەر ئەوە بزنی ئاسایی بۆخواردن بەکاردێت[٩٤] .

---

[٩٤]کرێکار عبدلرحمن عەزیز ، مێژووی هۆزی زراری ، ل ل٤٦١ ، ٤٦٢ .

## - ئاژەڵی گواستنەوە :

لەسەردەمانی زوودا لە ناوچەی دارەشەکران هەرماڵێک دەبوایە گوێدرێژ یادخود ئێسترێکی هەبوایە بۆ بەڕێکردنی کاروباری ڕۆژانە و گواستنەوەی خۆیان هەبوایە ،وەک ڕۆژگارێکی ئەمڕۆ جێگەی ئۆتۆمبێل بوو کە بۆتە پێویستیەکی ڕۆژانە هەرچی ئەوەیە کەسانی دەست کورت زیاتر گوێدرێژیان هەبووە ،بەڵام کەسانی دەوڵەمەند ئەسپ و ماینیان هەبوو کە بە جوانترین شێوە لە لایەن کەسانی ماڵەوە خزمەت دەکران ئالیکیان پێ دەدرا و زین دەکران(٩٥).

## ڕەشەوڵاخ (چێڵ) :

ئێستا بەخێوکردنی لە مەڕو بزن زیاترە ، چونکە بەخوێکردنی لە مەڕو بزن ئاسانترە لە دەورووبەری گوند زۆربەی خەڵکی ناوچەکانی دارەشەکران بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی خۆی لە شیر و ماست چێڵێک یان زیاتر لە دوو چێلیان هەیە زۆربەی گوندەکانیش چێڵیان هەیە .

## پەلەوەر :

لە کۆمەلگای کوردەواریدا بێجگە لە ئاژەڵداری پەلەوەری وەکو قاز و مریشک و عەلەشیش بەخێودەکرا ناوچەکانی دارەشەکران بەشێوەیەکی گشتی لەبەر ئەوەی لەسەر زێی نزیکن پەلەوەر بەخێو دەکەن بەتایبەتی قاز و مراوی زۆر گونجاوە ، هەروەها لە ڕووباری (بەستۆرە) قازی زۆر لێ بەخێو دەکرێت قازیان بەناوبانگە .

## ماسی :

بەهێزبوونی زێی گەورە لە ناوچەکانی دارەشەکران بەشێوەیەکی گشتی ماسی سامانێکی گرنگە ئەگەر بیری لێ بکرێتەوە هاوشێوەی ناوچەکانی (تەق تەق) و (ڕانیە) پرۆژەی لەناو زێی گەورە دروست بکرێت ماسی لە زێی زۆر کەمی کردووە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هۆی بە شێوەیەکی نازاستیانە ماسی ڕاو دەکەن وەکو بەکارهێنانی کلۆر و بۆمبا و کارەبا ، هەروەها ڕەچاونەکرنی کاتەکانی زاوێ بۆیە هەموو ئەو هۆکارانە ماسی لە زێیەکەدا توشی قڕان و کەمی کردووەوە چەند ماسی گرێک هەبوونە وەکو (ساڵح هەمزە) و (جەرگۆ) (حاجی ئیسماعیل) دانیشتووی گوندی (گۆپالأە) وتی نازانم ساڵەکە چەند بوو، بەڵام ماسیەکیان لە زێی گەورە ڕاو کرد نیو مەتر لاشەکەی لە ئۆتۆمبێلی جۆری جێب هاتبووە دەرێ ، ئەو ماسیە بە قولاب گرت(٩٦).

---

(٩٥)کرێکار عبدلرحمن عەزیز ، مێژووی هۆزی زراری ، هەمان سەرچاوە ، ل ل ٤٦٣ ، ٤٦٤ ، ٤٦٥ .

(٩٦) کرێکار عبدلرحمن عەزیز ، مێژووی هۆزی زراری ، ل٤٦٢ .

## باسی سێیەم :کاری دەستی و بازرگانی:

### أ_پیشەی کاری دەستی لە ناوچەی دارەشەکران :

**١_ئاش :** مرۆڤ لە سەردەمانی کۆن بۆ هاڕینی دانەوێلە و دروستکردنی ئارد ،دواتر کردنی بەنان پشتی بە ئاشی ئاو بەستووە کە بەهێزی ئاوی کانی و ڕووبار و چەم و کاریز کاریکردووە ،یەکێکە لە ئامێرە هەرە کۆنەکانی سەردەمی ڕابردوو ، خەڵک ئەوکاتەی (گەنم) یان هەبوو هندێک لە بۆ سالێکی تر هەلیان دەگرت لە بۆ چاندن وە هندێکیش بۆ پێداویستی ڕۆژانەی بوو. ئاش بۆ یەکمجار هاتە گوندی (چڕە ، جەرگەزەوی) ،ئاش بە ئاو ئیش پێ دەکرا وە پەروانەی ئاشەکە دەسوڕا ئیشی پێ دەکرا ئاشەکەش هندە پێشکەوتوو نەبوو واتا سەریع نەبوو ،لەبەر ئەوەی هندێک کەس سەرەیان دەگرت (٢تا٣) ڕۆژ بە بەری نەدەکەوت ،پێشتر ئافرەت بەدەستی خۆی گەنمەکەی چاک دەکرد (پیاو)یش دەی بردە ئاش گەنمەکەی لە ئاش دەکرد دەهێناوەیەوە بۆ مالەوە ،دواتر دەیانکردە (ئارد) نانی سەردەمی ڕابردوو باشتر بوو لە سەردەمی ئێستا ،بۆیە خەڵکی ناوچەی دارەشەکران پشتیان بە (ئاش) پێشتر پشتیان با ئاش بەستووە .

شایەنی باسە خەلکی ناوچەی دارەشەکران چەند ئاشێک هەبوونە خەڵکی بۆ پێداویستیەکانی خۆیانیان پێ جێ بەجێ کردووە لە ئاشانەش :

#### ١_گوندی (باوەخەلان) :

بۆ یەکەم جار (خدر کەریم) ئاشی هێناوەتە ئەو گوندە ئێستا شوێنەواری ئاشەکە نەماوە[٩٧].

#### ٢_گوندی (تووە) :

حەوت ئاش بوونیان هەبووە مێژووەکەیان بۆ سالانی (١٥٠٠) سال دەگەڕێتەوە لە لایەن بنەماڵەی (کاسبکار سولێمان کاسبکار) دروستکراون ، بەلام ئێستا ئەم ئاشەنە نەماون .

#### ١- گوندی (ڕەشوان نورۆ) :

ئاشی ڕەشوان (نورۆ) پێی وتراوە دار (تووک) لەبەر دەرکەی ئاشەکە بووە خاوەنەکەی ناوی (کەریم) بوو .

#### ٢- گوندی (چڕە) :

- ئاشی سپی : بەرامبەر کەوری سۆرە ئەم ئاشە لە سالانی هەشت سەدەکان دروستکراوە .
- ئاشی (عەبدوڵلا) عەلاوی :

---

[٩٧] چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەشید مامل سەلیم ، بەرواری ٢٠٢٣/٢/٨ .

- ئاشی کەوری حەنبەرێ : سەرەتای ساڵانی نۆسەدەکان دروستکراوە کەسێک بەناوی (حسێن کەڕ) بەڕێوەی بردووە .
- ئاشی (عەبدوڵڵا) : ئەم ئاشە لە سەرەتای ساڵانی نۆسەدەکان دروستکراوە .
- ئاشی سیدی .
- ئاشی تەنگەدەر : سێ ئاشی لێیە[٩٨].

## ٢- ئاشی ئاگر :

بەتێپەڕ بوونی کات بە هۆی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆجیا ئاشی ئاو کە بەهێزی ئاوی (کانی و ڕووبار و بیر و ناعور) کاریان دەکرد ئەوەندە گرینگی نەما ،چونکە شێوازی کارتێکردنی زۆر هێواش بوو ، بارشی کەم لێدەکرد بۆیە ئاشی ئاگری جێگەی گرتەوە کە بە نەوتی ڕەش کاری دەکرد(٩٩)، لە گوندی مامخالان ئاشی ئاگر خاوەنەکەی یوسف ئەسعەد شێخ حوسێن بوو لە گوندی مامخالان دایانبوو زۆری خەلکی ناوچەی دارەشەکران دانەوێلەیان لەم ئاشە لێ دەکرد کە (حاجی ئیسماعیل ، سەلیم ، عادل) ئاشیان گێڕاوە ، مزەی ئاشی (١ بە ١٠) بووە، واتا لە (١٠) تەنەکە تەنەکەیەک بۆ خاوەن ئاش بووە، بەلام لەساڵی (١٩٦٩) بە دواوە مزە بۆتە پارە واتا (پاران وەرگرتوو) لەساڵی (١٩٧٢) ئاشی ئاگر هاتۆتە گوندەکانی (کودەریان ، هەبابان ، جەرگەزەوی) ،لەساڵی(١٩٦٧) ئاشی ئاگر لە لایەن (شێخۆ سلێمان) هاتۆتە گوندی (چڕە) ئەوکاتی ئاشی ئاگر لەم گوندانە هەبوون .

## _مزەی ئاش واتە (حەقی باراش) :

بۆ کڕینی ئاش هەندێک گەنم وەردەگیرا پێیان دەوت (مزە) کونێک هەبوو کە پێوانە بوو بۆ وەرگرتنی مزەکە پێی دەوترا (کەپولە) لە هەر تەنەیەک کەپولەیەک وەردەگیرا ،ئاش وەستا هەندێک جارێک یان کاتی پێویستی دەگەڕا خەلک پێویستیان پێ بایە بە ئاشکە ئاشەکەش دەچوو ئێجە گەنمەکە خەڵکی ناوچەی دارەشەکران بەشێوەیەکی گشتی ئەوکات لۆخۆیان دەکردە(باراش) ،هەروەها زۆر جاریش (١ بە ١٠) بوو واتا لە (١٠) تەنەکە تەنەکەیەک بۆ خاوەن ئاش بوو ، وە ساڵی (١٩٦٩) (مزە) بوو بە پارە واتا لەچیاتی گەنم پارەیان وەرگرتووە[١٠٠].

## _دەستاڕ :

---

[٩٨] کرێکار عبدالرحمن ، مێژووی هۆزی زراری ، ل ل ٤٨٥ ، ٤٨٦.

[٩٩] کرێکار عبدالرحمن عەزیز ، مێژووی هۆزی زراری ، ل ل ٤٨٧ ، ٤٨٨ .

[١٠٠] چاوپێکەوتن لەگەڵ وجیە حەسەن عەلی ، بەرواری ٢٠٢٣/٣/٢ .

بۆ لێکردنی (ساوار) بوو، ئەوکات ئاش نەبووە، خەڵکەکە پشتیان بە دەستاڕ دەبەست. کەرەستە کوردییەکان کە ساڵانێکی زۆرە لەلایەن ئافرەتانی کوردەوە بەکاردەهێنرێ بۆ کاروباری رۆژانە، ئەوکات بۆ وردکردنی (ساوار و برووش) بەکاردەهێنرا، بەڵام لە پێشوودا بۆ دروست کردنی ئاردیش بەکارهاتووە، ئەم کەرەستەی دەستاڕە، لە بەردی چیا دروست دەکرێ و بە شێوەیەکی بازنەیی دەبێ و لە ناوەڕاستەوە کون دەکرێ و دەبێ بەردەکە لەو جۆرە بەردە بێ کە شێوەی ئاسنینی هەیە، دەستاڕ لە دوو بەش پێکدێ و بەشی خوارەوەی دارێکی لە ناوەڕاستەوە جێگیر دەکرێ، ئەوەی سەرەوەش لە ناوەڕاستەوە کون دەکرێ و دەبێ لە دارەکەی خوارەوە گەورەتر بێ، لەسەرەوەش دەستکێک هەیە بۆ سوڕاندنی دەستاڕەکە، گەنم دەکوڵێنرێت و ئامادە دەبێ بخرێتە ناو دەستاڕ و بۆ ئەوەی ببێتە ساوار،کە لەکونەکەی سەرەوە ساوار و برووش و نیسک دەخرێتە ناوی و بە هێواشی دەسوڕێنرێت و تاوەکو کەرەستەکە دەکەوێتە خوارەوەو ئیتر دەکەوێتە نێوان دوو بەردەکە و ورد دەبێ ،کێشی دەستاڕ نێوان (٤٠ تا ٥٠) کیلۆ گرام دەبێ، ئەمەش بەپێی دەستاڕەکە دەگۆڕێت[١٠١].

## ب- چالاکی بازرگانی لەناوچەی دارەشەکران:

بازرگانی ڕۆڵی گرنگ و کاریگەری هەبووە لە ناوچەی دارەشەکران بۆ پەیدا کردنی بژێوی خەڵکەکەی ،چونکە ئەو شوێنە کەوتووەتە سەر ڕێگەی کاروانی بازرگانی زۆر بەخێرایی بووەتە ناوچەیەکی قەرەباڵغ و ئاوەدان ناوچەکانیان بە تەواوی بەدیار کەوتوون[١٠٢].

ناوچەی دارەشەکران بەشێوەیەکی گشتی بەهۆی میرنشینی زراری کە هەڵکەوتەیەکی گرنگ و فراوانی هەبووە ناوچەکە بە تایبەتی لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆیە ئەو ناوچەیە ببوە ناوچەکی پڕ جموجۆل و خێرو بەرەکەت ، بۆ باسکردنی چالاکی بازرگانی گرووتینی ئەم چالاکیە لە ناوچەی دارەشەکران دەبێ بگەڕێنێتەوە بۆ دەوڵەتی ئەیووبی کە لە شام مەڵبەندێکی گرنگ بازرگانی بوو لە ناوەڕاستی ڕۆژهەڵات و کیشوەری ئاسیا ،هەروەها لە شام لە حەلەب ڕێگەیەک هەبوو قیتار شەمەندەفەریان پێ دەوت بۆیە ئەم ناوەشیان پێ وتوت ،چونکە بەردەوام کاروانی پێدا هاتبووە ڕێگەکەش نەپساوەتەوە وەکو شەمەندەفەر قیتار سەریان لە دوای یەکترناوە لە موصسدا سوڵتان سەلاحەدینی ئەیوبی(٥٣٢_-٥٨٩ه/١١٣٧_١١٩٣ز) ناوچەی دارەشەکران بۆ پاراستنی ڕێگاکە داناوە دەڵێن زۆربەی ناوچەی دارەشەکران بەڕەسەن زرارین تا دەگەیشتە (خازر)، ئەوانە ڕێگەکەیان دەپاراست و دواتر دەگەیشتنە (بشیریان) لە بادینان، کە ئێستاش هەندێک خێزانەکانی ناوچەی دارەشەکران نیشتەجێی ئەو گوندەن. لە بشیریان چەپەر هەبووە بۆ پەڕینەوە تا دەگەیشتە گردە ڕەش، کە ئەویش ئێستا خێزانەکانی ناوچەی دارەشەکرانی لێیە، دواتر دەهاتنە ناوچەی دارەشەکران

---

[١٠١]چاوپێکەوتن لەگەڵ وجیە حەسەن عەلی ، بەرواری ٢٠٢٣/٣/٢ .

[١٠٢]چاوپێکەوتن لەگەڵ حاجی ئیسماعیل ئەحمەد عەلادین ، خەڵکی گوندی گۆپاڵ ، بەرواری ٢٠٢٣/٢/١٦ .

و دەو بەستۆرە دەربەندی لای دارەشەکران (قەرەقاجین) بەرەو (دوین) دەڕۆیی، هەروەها لەسەردەمی میرنشینی زراری و دەوڵەتی عوسمانیدا، خەڵکی ناوچەی دارەشەکران ئاسایشی ڕێگاکەیان پاراستووە، تاوەکو لە ژێر دەسەڵاتی ئەواندابوو[١٠٣]، هەروەها خەڵکی ناوچەی دارەشەکران بەشێوەیەکی گشتی ئەو کەلوپەلانەی بەرهەمیان هێناوە دەیانبردە شاری هەولێر دەیانفرۆشت[١٠٤].

[١٠٣]چاوپێکەوتن لەگەڵ شوان کەریم ئاغا، خەڵکی گوندی ڕەشوان یوسف، بەرواری ٢٠٢٣/١/٢٧ .

[١٠٤]هەمان سەرچاوە.

# دەرئەنجام

لە کۆتایی نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین:

١. دارەشەکران خاوەنی مێژوویەکی کۆنە، وەکو ناوچەیەک لە باشووری کوردستان، بۆ (٤٠٠) تاکو (٥٠٠) ساڵ دەگەڕێتەوە .

٢. دارەشەکران وەکو ناحیە دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای هەولێر، مەڵبەندەکەی گوندی (قەرەقاجین)ە بەناوی دارەکە کرایەتەوە ئێستا بووەتە ناحیەی دارەشەکران سەر بە قەزای (خەبات)ـە لە پارێزگای هەولێر.(٣٠) کیلۆمەتر لە سەنتەری شاری هەولێرەوە دوورە .

٣. خۆی پێشتر ناحیەی دارەشەکران لەسەر گوندی (دێرێ) بوو، سەرجەم ناوچەکانی زرارەتی لەڕووی کارگێڕییەوە سەر بەم ناحیەیە بوون، ئەویش سەربە قەزای ڕەواندز بوو، دواتر مەڵبەندی ناحیە گواستراوەتەوە بۆ گوندی (باتاس) دەشتی هەریر شارۆچکەی قەزای شەقڵاوە کرا بە مەڵبەندی (قەزا) ،دواتر ناحیەکە گواستراوەتەوە بۆ ناحیەی (پیرمام – مەسیف) هاتەکایەو ئەمجارە سەرجەم ناوچەی زرارەتی بەو ناحیە لێکندرا ،بەڵام لەپاش ڕاپەڕینی(١٩٩١) ناحیەکە گواستراوەتەوە بۆ گوندی (قەرەقاجین) ، سالی (٢٠٠٥) گوندی (قەرەقاجین) ، کرا بە مەڵبەندی (ناحیەی دارەشەکران) .

٤. گەورەترین ناحیەیە لە رووی رووبەرەوە (ناحیەی دارەشەکران)ە رووبەری (٢٩٣کم)ە دەکاتە (١١٧٢٠٠) دۆنم بەڕێژەی (٤٢٪)کۆی رووبەری گشتی قەزاکە .لەڕووی دەزگا و کارگێڕییەکانی بۆ یەکەمجار قوتابخانە و تەندروستی وکارەبایی نیشتیمانی هاتە ناوچەی دارەشەکران لەساڵی (١٩٦٤) .

٥. لەڕووی بارودۆخی ئابووری خەڵکی ناوچەو ناحیەی دارەشەکران بەشێوەیەکی گشتی پشت بە دانەوێڵەی (گەنم و جۆ) دەبەستن خەڵکەکە ئەوکات بارودۆخی زۆر باش نەبوو ،زۆربەی خەڵکەکە پشت بە خواردنی کودەواری دەیانبەست خواردنە کوردەوارییەکانیش (بەرپێنە ، دۆغەوا ، تۆرکە ، ترخێنە ، گەنمە کوتا ...هتد) ،بەڵام لە ئێستادا خواردنە کوردەواریەکان بەکەمی ماون لە لایەن خەڵکەکە . ئاژەڵیش بەخێو دەکەن وەکو (مانگا ، مەڕ ، بزن) و پەلەوریش وەکو (مریشک ، قاز ...هتد) بەخێو دەکەن.

٦. لەڕووی شێوازی دروینەکردن خەڵک ئەوکات بەدەست دروینەیان دەکرد ،ئەوکات ئامێری پێشکەوتوو نەبووە پیاو دروینەی دەکرد ئافرەتیش جیشەی خری دەکردەوە ،ئافرەت یارمەتی دەر بووە وە جگە لە یارمەتی دان خەریکی چێشت لێنان و ماڵ خاوێنکردنەوە و ماڵ بەخێوکردن چەندی شتی تر .

٧. لەرووی پیشەی کاری دەستی، خەڵکی ناوچەو ناحیەی دارەشەکران بەشێوەیەکی گشتی پشتیان بە ئاش بەستووە ئەوکات گەنمی خۆیان دەیانبردە ئاش ئینجا ئەو گەنمە (گەنمە کوتا ، ساوار ، برووش ، پەرەش) لێ دروست دەبوو ،بەڵام زیاتر خەڵکە ئەوکات گەنمەکەیان بۆ خواردنی خۆیان بەکاردەهێنا ،وە دەستاڕ بۆ لێکردنی ساوار بوو ئەوکات ئاش نەبوو .

٨. بەهۆی دواکەوتوویی دۆخی تەندروستی، بەیتاریش هەبوو خەڵک گەر شوێنەکی بشکابایە یان لەگەل چووبا ئەوە خەڵکەکە ئەوە دەچوونە کن بەیتاری بەیتاریش شوێنەکەی تە (جێج)ی دەگرتەوە ، بەیتار هەیە ئی ناوەک بووە ناوکی دەیهێناوە ، هەیە ئی مەڕو ماڵات بوو .حەکیم هەزاران ساڵ پێش ئێستا کە پزیشک و نەخۆشخانە نەبوون ،خەلکی ناوچەو و ناحیەی دارەشەکران ، خەڵک بۆ چارەسەرکردنی هەر شوێنەکی جەستەی دەچووە لای دەرمانی ئەوکات دەرمانی سروشتیان بەکاردەهێنا نموونە (گەڵا ، هێلک(زەردێنە) ...هتد)

٩. بازرگانی روویەکی گرنگ و کاریگەری هەبووە لە ناوچەی دارەشەکران بۆ پەیدا کردنی بژێوی خەڵکەکەی، چونکە کەوتووەتە سەر ڕێگای کاروانی بازرگانی، زۆر بەخێرایی بووەتە ناوچەیەکی قەرەباڵغ وو ئاوەدان ناوچەکانیان بە تەواوی بەدیار کەوتو ، هەروەها خەڵکی ناوچەو و ناحیەی دارەشەکران بەشێوەیەکی گشتی ئەو کەلوپەلانەی بەرهەمیان هێناوە دەیانبردە شاری هەولێر و دەیانفرۆشت.

# لیستی سەرچاوەکان


## یەکەم: کتێب:

١_ئەسعەد عەدۆ، کەلەپووری کوردەواری(کۆبەرهەمی فۆلکلۆری) ، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٥ .

٢_حەمید ڕەشاش ، ژیانی کوردەواری ، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر ، هەولێر، ٢٠١١ .

-عەبدوڵڵا غەفوور، فەرهەنگی جوگرافیای هەولێر، بلاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٥.

٣_عەبوڵڵا غەفور ، گوندەکانی باشوری کوردستان سەرژمێری دانیشتوانی عێراقدا ساڵی (١٩٥٧) چاپی دووەم ، بەرگی دووەم ، هەولێر، ٢٠٠٥.

٤_عەبوڵڵا غەفور ، گوندەکانی باشوری کوردستان سەرژمێری دانیشتوانی عێراقدا ساڵی (١٩٧٧) چاپی دووەم ، بەرگی دووەم ، هەولێر ، ( هەولێر: ٢٠٠٥) .

٥_عەلی کەندی ، کەلتووری لادێ ، کورتە شیکردنەوەیەک لە بواری کەلتوری لادێکانی کوردستان ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی حاجی هاشم هەولێر ، (هەولێر: ٢٠١٤) .

٦_کاروان سلیمان کاکە مەد ، کورتە باسێک لەبارەی هۆزەکانی شاری هەولێر، هەولێر (هەولێر ٢٠١٧) .

٧_کرێکار عبدلرحمن عەزیز،مێژووی هۆزی زراری ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی تاران ، ٢٠٢٠.

## دووەم: ئینسکلۆپیدیا:

١_جەلال مەحمود ئەحمەد سنجاوی، ئینسکلۆپیدیای هەولێر سەرژمێری ساڵی١٩٥٧ ، چاپی یەکەم ، چاپ و بلاو کردنەوەی دەزگای بەدرخان ، لوبنان ،٢٠٠٩ .

## سێیەم: چاوپێکەوتنەکان :

١. چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەشید مامل سەلیم، گوندی باوەخەلان ، بەرواری ٢٠٢٢/١٠/٦ .

٢. چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەسعد (یوسف) گوندی مامخالان بەرواری ٢٠٢٢/١٠/٨ .

٣. چاوپێکەوتن لەگەڵ وجیە حسن علی گوندی باوەخەلان، بەرواری ٢٠٢٢/١٠/٦ .

٤. چاوپێکەوتن لەگەڵ تاریق هەمزە سێوێ ، خەڵکی گوندی مەموندان ، بەرواری ٢٠٢٢/١١/١٧ .

٥. چاوپێکەوتن لەگەڵ شوان عەزیز حوسێن ، خەڵکی گوندی قەرەقاجین ، بەرواری 2022/11/١٧ .

٦. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەحری مامڵ فەرحان ، خەلکی گوند خاڵوانی نوێ ، بەرواری ٢٠٢٢/١١/٢٤ .

٧. چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد موستەفا ، خەلکی گوندی زرواو ، بەرواری ٢٠٢٢/١١/٢٤ .

٨. چاوپێکەوتن لەگەڵ حاجی ئەحمەد ، خەلکی گوندی چنارۆک ، بەرواری ٢٠٢٢/١١/٢٥ .

٩. چاوپێكەوتن لەگەڵ سەدیق شێرە سوار ، خەڵكی گوندی كودەریان ، بەرواری ٢٠٢٣/١/١٩ .

١٠. چاوپێكەوتن لەگەڵ فاتم خدرباس ، خەڵكی گوندی باوەخەلان ، بەرواری ٢٠٢٣/٣/٢ .

١١. چاوپێكەوتن لەگەڵ حاجی ئیسماعیل ئەحمەد عەلادین ، خەڵكی گوندی گۆپاڵ ، بەرواری ٢٠٢٣/٢/١٦ .

١٢. چاوپێكەوتن لەگەڵ لەگەڵ حاجی كازم ، خەلكی گوندی باوەخەڵان ، بەرواری ٢٠٢٢/١١/٢٣ .

١٣. چاوپێكەوتن لەگەڵ خدر حەمەدەمین حاجی ، خەلكی گوندی گردی ماوان ، بەرواری ٢٠٢٢/١٠/٨ .

١٤. چاوپێكەوتن لەگەڵ شوان كەریم ئاغا خەلكی گوندی ڕەشوان یوسف بەرواری ٢٠٢٣/١/٢٧ .

١٥. چاوپێكەوتن لەگەڵ عبدلرحمن حمەد ئیسماعیل ، خەلكی گوندی تووە ، بەرواری ٢٠٢٢/١١/٢٤ .

١٦. چاوپێكەوتن لەگەڵ حاجی ئیسماعیل ئەحمەد عەلادین ، خەڵكی گوندی گۆپاڵ ، بەرواری ٢٠٢٣/٢/١٦ .

## چوارەم: وتار:

١. عەزیز قادر عەزیز ، شیكردنەوەییەكی جوگرافی بۆ بەهەمی گەنم لە قەزای خەبات لە نێوان سالانی (٢٠٠٨ _٢٠١٨) ، هەولێر زانكۆی سەلاحەدین ، كۆلێژی ئاداب ، ٢٠١٩-٢٠٢٠ .

https://www.academia.edu

## پێنجەم: بەرنامەی تەلەفزیۆنی:بەرنامە:

١. بەرنامەیەكی دیكۆمێنتاری لە سەتەلایتی كوردستان تیڤی لەبارەی دارەشەكران ، نووسین و دەرهێنان:-فەرزین چۆلی .

https://m.facebook.com/story.php?story_fbid=pfbid02mmBu7BktT9UEKh3v1ZdNvdhQCgyLEyM1ZGuiSY2TBbh5ggmdMnNaEmbJRvX2sttwl&id=100006119145282&mibextid=SxUXRU .

٢. وجیە حەسەن عەلی ، خەڵكی گوندی باوەخەڵان ، بەرنامەی میوانی ناوەخت ، بەرواری٢٠٢٣/١/٢١.

## شەشەم:پێگەی ئەلیكترۆنی:

١. پەیجی ئاوێنەی زرارەتی ، بەرواری 2022/٩/١٧ .

https://www.facebook.com/awenayzrarty

## پاشكۆی ژمارە (١) وێنەی دارەشەكران لە كۆندا






وێنەی دارشەكران لە ئێستادا

## پاشکۆی ژمارە (٣) وێنەی ناحیەی دارەشەکران





# پاشکۆی ژماره (٤) نەخشەی بنەڕەتی ناحیەی دارەشەکران

